بڵاوکراوەی سیاسی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستانە

دەورەی تازە

# ئۆکتۆبەر

139

25 ی ئاب/ ئۆگەستی 2026



# پرسی گەندەڵی و چەکی میلیشیاکان!

موحسین کەریم

عەلی زەیدی سەرۆکوەزیرانی عێراق، بە ڕاگەیاندنی جەنگ دژی دوو مەسەلەی گەرمی کۆمەڵگای عێراق، کارنامەی حکومەتەکەی ڕاگەیاند. جەنگ دژی گەندەڵی و گێڕانەوەی پارە دزراوەکان و سزادانی گەندەڵکاران، لەگەڵ کۆنترۆڵکردنی چەک لەدەستی دەوڵەت و چەکداماڵینی میلیشیاکان، کە لەبنەڕەتدا مەبەست لە میلیشیاکانی سەر بەئێرانە. بەڵام زۆری نەخایاند کە هەردوو ئەم جەنگەی زەیدی لەیەکەم ساتەکانی دەستپێکردنیدا، بە هەڵکردنی ئاڵای سپی کۆتایی هات!

هیچ هاوڵاتیەکی سادە گومانی لەوە نیە کە ئاستی گەندەڵی لە عێراق و کوردستان ژمارەی پێوانەیی تۆمارکردوە و ڕەنگە هیچووڵاتێکی دیکە نەبێ لە دنیادا کە پێش عێراق و کوردستان بکەوێ لەو مەیدانەدا. هاوکات ئەو داتایانەی لە سەرەتای ڕاگەیاندنی حەملەکەی زەیدیدا، لەلایەن بەشێک لە بەرپرسانی پێشووی خودی حکومەتی عێراقەوە ئاشکراکران، بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگرە بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستیە. هەر بەرپرسێکی حکومەت، بەرپرسانی دوای خۆی یان پێش خۆی تۆمەتبار دەکرد بەوەی کە دەیان ملیار دۆلار لە خەزێنەی حکومەت لەسەردەمی ئەودا دیارنەماوە. ئەو پارەیەی لە دوای ٢٠٠٣ەوە لە خەزێنەی عێراق تاڵانکراوە مەزەندە دەکرێ بە نزیکەی دوو تریلیۆن دۆلار! بێگومان ئەم داتایانە زۆتر باسی ئەو تاڵانکاریانە دەکەن کە لەلایەن بەرپرسانی حکومەتی عێراقەوە کراوە. گەندەڵی و تاڵانکاری دەسەڵاتدارانی پارتی و یەکێتی و دوو بنەماڵەی بارزانی و تاڵەبانی، کە لەم حەملەیەدا هیچ

بۆ لاپەڕە ٢



## قەیرانی حکومەتی هەرێم

عوسمانی حاجی مارف

بۆ لاپەڕە ٣



## نا بۆ کاراکردنەوەی پەرلەمان، بەڵێ بۆ گۆڕینی فۆڕمی دەسەڵات!!

عەبدوڵا مەحمود

بۆ لاپەڕە ٥



## عێراق؛ هاوسەنگیی هێز لەبەردەم ململانێی واشنتن و تاراندا

دەشتی جەمال

بۆ لاپەڕە ٦

* باری قورسی ژیان؛ کاتێک پێداویستییە بنەڕەتییەکان دەبنە ئامرازی کەڵەکەکردنی سەرمایە!

تاوا محمد نوری...... لاپەڕە ٨

* جەنگ و گەمارۆی ئابووریی ئەمریکا بۆسەر ئێران و چەند ڕاستییەک!

نوری بەشیر............ لاپەڕە ٩

* شەڕی ئەمریکا- ئیسرائیل دژ بە ئێران و لێکەوتەکانی لەسەر ناوچەکەو کوردستان!

موحسین کەریم ..... لاپەڕە ١١

* ڕاوەستانێک لەسەر هاوپەیمانی مەککە

عوسمانی حاجی مارف...لاپەڕە ١٣

**ئازادی، یەکسانی، حکومەتی کرێکاری!**

# درێژەی........ پرسی گەندەڵی و چەکی میلیشیاکان!

تیشکێکی نەخراوەتەوە سەر، بەدەیان ملیار دۆلار مەزەندە دەکرێت.

جەنگەکەی زەیدی دژی گەندەڵی، تەنها بەرێخستنی کەمپینێک بوو بۆ خۆڵکردنە چاوی خەڵکی عێراق و قایمکردنی پێگەی دەسەلات و حکومەتەکەی، چونکە پرسی دژایەتی گەندەڵی بۆ زۆربەی هەرەزۆری کۆمەڵگای عێراق جێگای پێشوازیە. گەندەڵی و تالانکاری بەرپرسانی حکومی و حزبە میلیشیاییە دەسەلاتدارەکانی عێراق، ژیانی هاولاتیانی عێراقی رووبەرووی کولەمەرگی و برسێتی و هەژاری کردۆتەوە و لەسەرەتاییترین پێداویستیەکانی ژیانی رۆژانەو خزمەتگوزاریە گشتیەکان بێبەشیان کردوون. بەلام جەنگەکەی زەیدی دژی گەندەڵی تەنها هەندێک بەرپرسی بچووک و گەندەڵ و تالانچی پلەچوارو پێنج، ئەویش لە بلۆکی نەیارو رکابەرەکانی چوارچێوەی هەماهەنگی، گرتەوەو کۆتایی هات. گەندەڵ و تالانچیە سەرەکی و قەڵەوەکانی سەر بە چوارچێوەی هەماهەنگی و میلیشیا شیعە بالادەستەکان، کە خۆیان بەرپرسانی سەرەکی دەسەلات و حکومەتی عێراق بوون و ئێستاش هەرئەوان مۆری قبوولیان داوە لە پۆستەکەی زەیدی، لە گوڵ کاڵتریان پێنەوترا. نەک هەرئەوە، بەڵکو خودی حەملەکەی زەیدی بووە نوسراوی ئەستۆپاکی ئەوان بەرامبەر بەو تۆمەتانەی دەربارەی گەندەڵی لەلایەن خەڵکی عێراقەوە دەخرێتە پاڵیان! ئێستا مالکی و سودانی و عەبادی و عامری و .....بوونەتە پاڵەوانەکانی دژە گەندەڵی و پاڵپشتی عەلی زەیدی لەم "جەنگە پیرۆزە"یدا!

مەیدانی دووەمی جەنگەکەی زەیدی، داماڵینی چەکی میلیشیاکان، ئەویش وەکو باڵۆنێکی تەقیو فش بووەوە! هەڵبەتە ئەم داواکاریە، خواستی ئەمریکایە بۆ چەککردنی میلیشیاکانی سەر بە ئێران. زەیدی سەرەتا رایگەیاند کە لەگەڵ کۆتاییهاتنی وادەی مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا و "هاوپەیمانان" لە عێراق، رۆژی ٣٠ی ئەیلولی ٢٠٢٦، وادەی چەک رادەستکردنی میلیشیاکانیش دەست پێدەکات و دەبێ میلیشیاکان چەکەکانیان رادەستی حکومەت بکەن. چەک تەنها لەژێر دەستی دەوڵەت و لەژێر فەرماندەیی فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکاندا دەبێت. بەلام ئەم بانگەشەیە زۆر لەو قەوارەیەی کە زەیدی بەخۆی دابوو گەورەتر بوو. پشتوانیەکانی ئەمریکا بۆ زەیدی بۆ ئەنجامدانی ئەو پرۆسەیە، لەو توانایە زۆر کەمتر بوو کە بۆ ئەنجامدانی ئەو پرۆسە ئاڵۆز و خەتەرناکە پێویستە. هەم میلیشیاکان رایانگەیاند کە ئامادەنین لەو وادەیەدا چەک دابنێن و هەم ئێرانیش، لەزمانی قالیبافەوە، کە سەردانی عێراقی کرد، وریایکردنەوە کە یاری بەو ئاگرە نەکەن! قالیباف لەجیاتی چەکداماڵین، پێشنیاری رێکخستنی چەک و کۆگاکردنی خستەبەردەم عەلی زەیدی و میلیشیاکانی سەربەخۆیان. واتە لەجیاتی داماڵینی چەکی میلیشیاکان، ئەو چەکانە لەشوێنێکی دیارکراودا کۆگا بکرێن و هەرکات پێویست بوو، هەر ئەو میلیشیایانە دەتوانن دەستیان پێی بگاتەوەو بەکاریان بهێنن!

دوای ئەوەش نوێنەری زەیدی، رایگەیاند کە رۆژی ٣٠ ئەیلول، رۆژی رادەستکردنی چەکەکان نیە، بەڵکو رۆژی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانانە لە عێراق! هەروەها رایگەیاند کە پێکدادانی نێوان حکومەت و میلیشیاکان هێڵی سورە! واتە بەکردەوە پرۆسەی داماڵینی چەکی میلیشیاکانی سەر بەئێران یاریەکی خەتەرناکەو حکومەت لەئێستادا بەهەموو جۆرێک خۆی لێ بەدوور دەگرێت!

هەڵبەتە هەر لەسەرەتای حەملەکەی عەلی زەیدیەوە بۆ دژایەتی گەندەڵی و داماڵینی چەکی میلیشیاکانی سەر بەئێران، ئێمە ووتمان کە هەم زەیدی و حکومەتەکەی خۆیان لە دامێنی گەندەڵی و تالانکاری و بە مۆری تەئیدی چوارچێوەی هەماهەنگیدا بەوجێگایە گەیشتوون، بۆیە ناتوانن شەڕی گەندەڵی و تالانچێتی بکەن و ئەوە کاری خودی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش و ستەملێکراوی عێراقە کە سەرجەم تالانچیان و گەندەڵکاران بەخودی زەیدیشەوە راپێچی لێکۆڵینەوە بکەن و پارەو مومتەلەکاتە دزراوەکان بگێڕنەوە بۆ خەزێنەی گشتی لەژێرچاودێری خۆیاندا. هەم چەککردنی میلیشیاکانی سەر بەئێران، کە خۆیان دەسەلاتیان بەسەر دۆخی سیاسی و بگرە دەوڵەت و حکومەتدا هەیە، کارێکی سادە نیە و زەیدی ئەهلی ئەنجامدانی ئەو کارە نیە. ئێستا رووداوەکان بەپێی تێپەڕینی کات و بەدانپێدانانی خۆشیان ئەو راستیە پشتراست دەکاتەوە کە ئێمە لەسەرەتاوە پێشبینیمان کردبوو. کۆتاییهێنان بە گەندەڵی و بوونی میلیشیای چەکدار، کاری خودی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش و ئازادیخوازی عێراق و کوردستانە، ئەویش لەرێگای هەڵتەکاندنی خودی ئەو سیستەم و دەسەلاتەوە کە سەرچاوەی گەندەڵی و دەسەلاتی میلیشیاکانە!

ئۆکتۆبەر بڵاوکراوەی سیاسی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستانە
سەرنوسەر : موحسن کەریم
ئۆکتۆبەر بخوێننەوە و بەدەستی دۆستان و ئاشنایانی خۆتانی بگەیەنن!
بۆ پەیوەندیگرتن: ڤایبەر و واتس ئەپ و مۆبایل: 0044(0)7394013135
ئیمێل: Muhsin_km@yahoo.com
ماڵپەڕی ئۆکتۆبەر: https://octobernewspaper.net/ku/
ئۆکتۆبەر لە فەیسبووک: https://www.facebook.com/profile.php?id=100077197332210

# قەيرانی حكومەتی هەرێم

عوسمانی حاجی مارف

هەرێمی كوردستانی عێراق قەیرانێكی سیاسی درێژخایان و راستەقینە و لە هەمانكاتدا، گاڵتەجار بەخۆیەوە دەبینێت، بنبەستی سیاسی لە پەیوەندی نێوان بارزانی و تاڵەبانی، سەرەرای هەندێك هەوڵی دانیشتن و دانوسان و نێوەندگیری، هەوڵی شەخسی و لایەنی سیاسی تر بۆ پركردنەوەی ئەو بۆشاییە، لە هەوڵیان بۆ كۆكردنەوەی دانیشتنەكانی پەرلەمان و پێكهێنانی حكومەتی هەرێم بەردەوامە، بەڵام تائێستا ناجێگیری وناڕۆشن و بێهودەیە.

لە ئێستادا هیچ نیشانەیەكی ئەرێنی نابینرێت بۆ كۆتایهێنان بە ناكۆكیەكانی ناو دامەزراوەی سیاسی زۆنی زەرد و زۆنی سەوز، كە ژیانی سیاسی هەرێمیان لە دوای هەڵبژاردنەكانی ساڵی ٢٠١٤ وە تا ئەمڕۆ ئیفلیج كردووە.

نەبونی هاوسەنگی و بێهەڵویستی و نەبونی كردەوەی جددی و هەوڵدان بۆ پركردنەوەی بۆشاییەكان و كۆتایهێنان بەو بنبەستە، كاتێك پێناسەی هەرێمی كوردستان وەک بەشێكی گرنگی عێراق دەكرێت، ناسەقامگیریە سیاسیەكەی پێكهاتەیەكی جەوهەریە كە هاوكاتی ناسەقامگیری گشتی سیاسی و نائەمنی دەوڵەتی عێراقە.

نزیكەی دوو ساڵە دوای هەڵبژاردنەكان، پەرلەمان كۆنەبۆتەوە و دەستەی سەرۆكایەتی هەرێم هەڵنەبژێردراوە، هێشتا حكومەت پێكنەهاتووە نازانرێت كەی پێكدێت، بۆیە داواكاری لە هێزە سیاسیەكان و دامودەزگاكانی دەوڵەتی عێراق و هەرسی سەرۆكایەتیەكە كراوە هەموو هەوڵێكیان بخەنەگەڕ بۆ كۆتایهێنان بەم دۆخە گاڵتەجار و مەترسیدارە، چونكە بەردەوامی رێگری لە پێكهێنانی حكومەتی كوردستان كاریگەری نەرێنی لەسەر ژیانی هاووڵاتیان دروستكردووە، زۆرێك لە خزمەتگوزاریەكانی پەكخستووە و قەیرانەكانی توندتر كردووە، بەتایبەتی قەیرانی سووتەمەنی و بەرزبوونەوەی نرخی بەرهەمە نەوتیەكان، لەگەڵ ئەوەی نرخی لیترێك بەنزین گەیشتووەتە نزیكەی دوو هەزار دینار، هەروەها كەمبونەوەی زیاتری ئاستی خزمەتگوزاری و تەندروستیە.

حكومەتی كاربەرێكەر و چاودێری ئێستای كوردستان، نەیتوانیوە ونایەوێت ئەركەكانی خۆی بە شێوەیەكی گونجاو لە دابینكردنی خزمەتگوزاریەكان و دۆزینەوەی چارەسەر بۆ قەیرانەكان جێبەجێ بكات، جگە لە قەیرانە بەردەوامەكان و دواكەوتنی موچەی فەرمانبەران، بەردەوامی بۆشایی یاسایی و دەستووری و پاراستنی حكومەتێكی چاودێر بەبێ دەسەڵاتی تەواو، قەیرانەكان گەورەتر دەكات و بەرژەوەندی هاووڵاتیان زیاتر تێكدەدات.

نزیكەی دوو ساڵ بەسەر هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێمی كوردستانی عێراقدا تێدەپەڕێت و لەگەڵ ئەوەشدا بارزانی و تاڵەبانی تا ئێستا رێگایان بۆ كۆكردنەوەی دانیشتنەكان و كاراكردنی پەرلەمان و هەڵبژاردنی سەرۆكی پەرلەمان نەدۆزیوەتەوە و ئاسان نەكردووە، ئەم پرۆسەیە هەنگاوێك ناڕواتە پێشەوە لە پێكهێنانی حكومەتێكی نوێی تەواو دەسەڵاتدار بۆ جێگرتنەوەی حكومەتی ئێستای مەسرور بارزانی.!

لە مانگی ئایاری ٢٠٢٣ دا دادگای فیدراڵی كە بەرپرسە لە یەكلایكردنەوەی ناكۆكیە دەستووریەكان، درێژكردنەوەی ماوەی خولی پەرلەمانی هەرێمیشی بە نادەستووری و حكومەتەكەی مەسرور بە ئیدارەی چاودێر ناساند، لەهەمانكاتدا ئەوە رۆشنە كە واقیعی ئێستای هەرێم لەسەر بنەمای دوو ئیدارەیی دیفاكتۆیە، كێشەكە لەوەدایە ئەگەری ئەوە هەیە ئەمە ببێتە فەرمی و جێگیر بكرێت ئەگەر بارزانی و تاڵەبانی بەردەوام بن لە ناكۆكی لەسەر پێكهێنانی حكومەت، ئاشكرایە كە تائێستا هەریەكەیان حكومەت و ئامێری ئەمنی و سەربازی و دامەزراوەی دارایی تایبەت بەخۆیان هەیە، ئەم دابەشبوونە بەشێوەیەكی فەرمی لەبری پێكهێنانی حكومەتێكی یەكگرتو لە ساڵی ٢٠٠٦ كۆتایی هات، قسەكردن لەسەر دوو ئیدارەی جیاواز بۆ هەرێم یەكسانە بە چڕكردنەوەی زیاتر گێژاوی سیاسی و نائارامی، دەبێتە یەكێك لە مەترسیە جددیەكان بۆ سەر ئایندەی دۆخی سیاسی كوردستانی عێراق. هەرلەم بارەیەوە بارزانی و تاڵەبانی زۆرجار تۆمەتەكانیان ئاڵوگۆڕ كردووە و هەریەكەیان بەرامبەرەكەی بە هۆكاری ئیفلیجی سیاسی بەردەوام و قەیرانەكان دەناسێنێت.

لەلایەک بەردەوامی بێتواناییان لە پێكهێنانی حكوومەت، لایەنەكان لە بژاردەی ئەگەری ئەنجامدانی هەڵبژاردن نزیک دەكاتەوە!، لەلایەكی تروەوە تاڵەبانی هاوپەیمانی ركابەری كاریكاتۆر لەگەڵ شاسوار عەبدولواحد لەخۆدەگرێت، داوای پێگەی سەرۆكی حكومەتی هەرێم و دابەشكردنی پۆستە حكومیەكانی یەكسان دەكەن!؟. كاریگەری ناكۆكی نێوان بارزانی و تاڵەبانی لەسەر دابەشكردنی دەسەڵات، بەردەوام لەناو هەرێمدا پەرەدەسێنێت.

بەردەوامی هەرێمی كوردستان بەم شێوەیەی ئێستای تادێت جێگەی گومانی زیاتر و پرسیارە، چ لە ناوخۆدا كە پەیوەندی بە چۆنیەتی سروشتی سیستمی سیاسی و حوكمرانیەوە هەیە، چ

لە ڕووی دەرەکیشەوە، هەر لایەکیان پاشکۆی بەرژەوەندی وولاتانێکی ترن، لە هەمانکاتدا پەیوەستە بە پێشهاتە هەرێمی و نێودەوڵەتیەکان لەدۆخی شەڕ و ململانێی ئێستای ئەمریکاو ئێراندا، هەروەها لەوانەش نەرێنی تر، بەستنی چارەنوسی کوردستانە بە حکومەتی ناوەندیەوە.

ئەوەی شایانی باسە چیتر ناکۆکی نێوان ئەو دوو بنەماڵەیە تەنیا ناکۆکی نیە لەسەر پۆستە وەزاری و ئەمنیەکان، بەڵکو گۆڕدراوە بۆ ڕوبەڕوبونەوەیەکی ئاشکرا کە هەڕەشەی ئیفلیجکردنی زیاتری دامودەزگاکانی حوکمڕانی و قوڵکردنەوەی قەیرانی ئابووری و کەمکردنەوەی سەربەخۆیی هەرێم لە بەرامبەر بەغدا و تەحەدای ناوچەیەکانی دەورووبەری دەکات.

تا ئێستا هەموو هەوڵەکانی نێوەندگیری و یەکلایکردنەوە لەنێوان بەرزانی و تاڵەبانی شکستیان هێناوە و لەو بارەیەوە ئاسۆیەک دیارنیە، بۆیە ئەگەری ئەوە هەیە هەرێم بچێتە قۆناغێکی ئاڵۆزتر و مەترسیدارترەوە.

ئەو گرژیانەی لەم ساڵانەی دوایدا پەرەی سەندووە، دوای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانی ی ٢٠٢٤ گەیشتوتە لوتکە، ئێستا مەترسی هەیە لەسەر ئەم فۆرمولە سیاسیە دروستکراوەی کە دەیان ساڵە حوکمڕانی هەرێمەکەیان پێبەڕێوەبردووەە.

بارزانی دەیەوێت تەواوی حکومەتی هەرێم کۆنترۆڵ بکات، سەرکردەکانیشی ئامادە نین هاوکاری تاڵەبانی بن یان ڕێگەیان پێبدەن مافە سیاسی و حکومیەکانی خۆی بەکاربهێنێت. لە ڕاستیدا بارزانی و پارتی متمانەیان بە تاڵەبانی و سەرکردەکانی یەکێتی نیە، لە هەمانکاتدا بە لەبەرچاوگرتنی ژمارەی کورسیەکانی یەکێتی لە پەرلەمانی ئێستادا، پارتیەکان دەڵێن یەکێتی مافی ئەوەی نیە دەسەلات بە یەکسانی لەگەڵ پارتی دابەش بکات.!

دابەشبونی کوتلەیی و ناکۆکی بنەماڵەیی لەناو یەکێتیدا وایکردووە سەرکردایەتی ئێستای، لە ڕوانگەی بارزانیەوە، هاوبەشێکی جێی متمانە نەبێت لە حوکمڕانیدا.

جێگای سەرسوڕمان نیە کەقەیرانی متمانە لە نێوان ئەو دوو لایەنەدا کۆتایی نایەت، بارزانی بە نیگەرانیەوە سەیری هاوپەیمانیەکانی تاڵەبانی لە گەڵ بەغدا دەکات، بەتایبەتی پەیوەندیەکانی لەگەڵ هەندێک هێزی سیاسی شیعە و کەسایەتیە سیاسیە کاریگەرەکانی سونە. تاڵەبانی پەیوەندیەکانی لەگەڵ کوتلە چەکدارە شیعییەکان لە بەغدا دەقۆزێتەوە بۆ بەدەستهێنانی کاریگەری بەسەر بارزانیدا و دەستەبەرکردنی پشکێکی گەورەتر لە پۆستە حکومیەکاندا لە بەغداد، بەتایبەتی سەرەک کۆمار، دواتریش دەیانەوێت دەسەلات لەناو هەرێمی کوردستاندا دابەش بکەن.!

لەلایەکی ترەوە بارزانی بە ڕاگرتنی بودجە و سەپاندنی ئابلۆقەی ئابووری یەکێتی و تاڵەبانی سزا دەدات، هاوکات سەرچاوەکانی نەوت و گاز و دەروازە سنوورییەکان قۆرخ دەکات، ڕەتیدەکەنەوە زانیاری بەشێوەیەکی شەفاف بۆ یەکێتی ئاشکرابکەن. واتە هەردوولایان یاری بە ژیان و چارەنوسی خەڵک دەکەن.

ململانێ و گەمەی نێوان بارزانی و تاڵەبانی نەک هەر پێکهێنانی حکومەتی پەکخستووە و کارەکانی پەرلەمانی ئیفلیج کردوە، بەڵکو باری نەرێنی ئابووری هەرێم درێژبۆتەوە، کە چەند مانگێکە ڕوبەڕوی تەحەددیاتی زیاترە، قەیرانی سیاسی ئێستا کە درێژترین و ئاڵۆزترین قەیرانە لە دوای یەکەم دامەزراندنی حکومەتی هەرێمەوە، هەردوو لایان نەیانتوانیوە و ناخوازن و نابەرپرسن کە ئەرکی دارایی خۆیان بەرامبەر بە هاوولاتیان جێبەجێ بکەن، مووچەی خانەنشینی دەوەستێت، مووچەی فەرمانبەرانی حکومەت هەمیشە نارێکەو دوادەکەوێت، هەروەها پارەدان بۆ پرۆژەکانی هەرێم وەستاوە.!

لە ئەنجامی ئەم گەمە سیاسیە بێمانایەدا ئەوە خەڵکیە ئازار دەچێژن و دەبنە قوربانی، ئاستی کرین دارماوە، ڕێژەی بێکاری بەرزبووەتەوە، بۆ سەرمایەدارانیش گرنگ تەنها قازانج و کەڵەکەی سەرمایەیە، تەنها شتێک کە بۆ سەرکردە باڵاکانی ئەو دوو حزبە گرنگە، گەیشتن بە بەرژەوەندیە کەسیەکانی خۆیانە. کێشەی قەیرانی ئێستا تەنها لە بازنەی جەماوەری و ئابوریدا سنوردار نیە، لەم ململانێیەدا بە شێوەیەکی بەرچاو وەها دەردەکەوێت لەهەمانکاتدا هەڕەشەیە لە سەر سەربەخۆیی هەرێم.

لەگەڵ ئیفلیجبونی هەموو میکانیزمە ناوخۆیی و دەرەکیەکانی گۆڕانکاری و کاریگەری بۆ ماوەی دوو دەیە، هەرێم لە بازنەی پێکهێنانی حکومەتی دوو بنەماڵەدا گیری کردووە، هیچ چارەسەرێک یان دەرچونێک بەقازانجی خەڵک لەچوارچێوەی ئەو دوو بنەماڵەیەدا نیە و نابێت، ڕزگارکردنی هاوولاتیانی کوردستان لە قەیرانەکانی ڕۆژانەی خۆیان، یان بۆ ڕزگارکردنی هەرێم لە ئەگەری دارمانی لەنێو گۆڕانکاریە گەورەکانی ناوچەکەدا ئاسۆیەکی نیە، ڕێگای ئاسۆ بەخش، پێش هەموو شتێک کۆتایە بە دەسەلاتی هەردوو بنەماڵە و لە بەرامبەریدا دامەزراندنی دەسەلاتی خەڵکە.

☆

سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی : **عوسمانی**
**حاجی مارف**
مۆبایل:00964(0)7701570050
Email: Osman_maruf@yahoo.com

ڕێکخراوی دەرەوە: **دەشتی جەماڵ**
Mob: 0044(0)7856032991
Email: dashtyjamal@gmail.com

بەرپرسی سکرتاریەتی مەکتەبی سیاسی:
**جەماڵ موحسین**
0047(0)47276028
Email:krtariati.ms@gmail.com

# نا بۆ کارا کردنەوەی پەرلەمان، بەڵێ بۆ گۆڕینی فۆڕمی دەسەڵات!!

## نووسینی: عەبدوڵا مەحمود

هەوڵەکانی بۆرژوازی کورد، بەتایبەت پارتی و یەکێتی بۆ ڕێکەوتن لەسەر کاراکردنەوەی پەرلەمان پێکهێنانی حکومەت، چر بوونەتەوە. جیا لەوانە بەشێکی زۆر لە نووسەر و کادرانی ڕێگەپێدراوی حزبی و ناحزبی، پێداگری لەسەر گرنگی تێپەڕاندنی ئەم دۆخە و گرنگی بوونی حکومەت و پەرلەمان دەکەن. تەنانەت هەمووان نەبوونی پەرلەمان و حکومەت بە مەترسی لەسەر "قەوارەی هەرێم" دەزانن و هاواریان بڵندتر و بڵندتر دەبێت.

ئامانجی سەرەکی پارتی و یەکێتی و سەرجەم ئەو ڕیزە لە کادر و نووسەرانی بۆرژوازی کورد، لەکاراکردنەوەی پەرلەمان و پێکهێنانی حکومەت، بۆ هێشتنەوەی دۆخی ئێستا و بۆ ڕێگریکردنە لە هەر ئاڵوگۆڕیکی بەرچاو بەرجەستە لەدۆخی سیاسی هەرێمدا. بۆ بەرگریکردنە لەو ئەو فۆرمە لەدەسەڵاتی مایەپوچ و شکستخواردوی بۆرژوازی کورد کە نزیکەی سێ دەهەو نیوە، بۆتە مۆتەکەی سەر ژیان و گوزەرانی چینی کرێکار و جەماوەری فراوانی خەڵکی کوردستان.

فۆرم و ئەڵگۆی دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد، حزبۆکراتی، میلیشیایی و بنەماڵەیی و خۆبەستنەوەو کەڵکوەرگرتنە لە ململانێیی جەمسەرە جیهانی و ناوچەییەکان. ئەم فۆرمە کۆسپێکی سەرەکی بەردەم پێکهێنانی هەر حکومەتێکی پێناسەکراو هەر پەرلەمانێکی بۆرژوازیی و هاوکات ڕێگرییەکی گەورەیە لە بەردەم هەر چاکسازی و ئاڵوگۆڕێکی پێشرەوانە.

بۆرژوازی کورد و ئەوانەی پێداگری لە کاراکردنەوەی پەرلەمان!! و پێکهێنانی حکومەت!! دەکەن، دەیانەوێ جێگەو ڕێگەی نمایشی و پوچی حکومەت و پەرلەمانێکی کارتۆنی، پیرۆز بکەن. دەیانەوێ ئۆباڵی، کەمی موچەو دواکەوتنی، نەبوونی هەلی کار و خزمەتگوزارییەکان، گرانی و بێکاری، دزی و تاڵانی، لەسەد ڕێگاوە باج و سەرانە سەندن، وێران بوونی کەرتی تەندروستی، خوێندن و پەروەردە، سەرکوت و بێمافی هەزار سەرە، بخەنە پاڵ نەبوونی حکومەت و پەرلەمان!!. ئەوە لە کاتێکدایە خەڵکی کوردستان و هەر ئینسانێک ئەگەر ویژدانی هەرزان فرۆش نەکردبێت دەزانێت، کە ئەم دۆخە لە سەختی ژیان و گوزەرانی چینی کرێکار و جەماوەری بەشمەینەتی کوردستان، بە بوونی "حکومەت و کارای پەرلەمانیشەوە"، واقعیەتێکی حاشاهەڵنەگری کۆمەڵگەی کوردستانی ژێر دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد بووە.

چینی کرێکار و خەڵکی ستەملیچووی کوردستان، لە زیاتر لە سێ دەهەی ڕابردوودا، ئەزموونی نۆ کابینەی حکومی! و چەند خولی پەرلەمانی! هەیە، لەژێر سایەی ئەم کابینە حکومی و خولی پەرلەمانانەدا، نەک بەرەوپێشچوونێک و باشبوونێک لە ژیان و گوزەرانی هاوڵاتیان پیک نەهاتووە، بەڵکو تاهاتووە دۆخی ژیان و گوزەرانی هاوڵاتیان بەرەو خراپتر چووە، خزمەتگوزارییە زۆر سەرەتاییەکان وێران و بەرەو نەمان ڕۆشتوون، تەنانەت نزیکەی دەهەو نیوێکە گەورەترین کێشە بۆ مافێکی زۆر سەرەتایی بەشی هەرەزۆر هاوڵاتیان کەموچەیە دروست بووە. پاشەکەوتی موچە، لێبرین و دواکەوتنی، دەستی ناوەتە بینەقاقای فەرمانبەرانەوە. سیستەمی تەندروستی بەشێوەیەکی گشتی وێران بووە، خوێندن و پەروەردە کارەساتە، کێشەی ئاو کارەبا چارەسەر نەبووە، لە بەرامبەر بەو دۆخە کە چینی کرێکار و هاوڵاتیان ڕووبەڕووی بوونەتەوە، کەمایەتیکی حزبی و بنەماڵەیی، لەسەر بنەمای دزینی قوت و وێرانکردنی ژیانی هاوڵاتیان، بەهەشتێکی خەیاڵیان بۆخۆیان خوڵقاندووە. بە ئەندازەی بەرینبوونەوەی هەژاری و گرانی و نەبوونی و بێمافی، ملیۆنیر و ملیاردێرەکان زیادیان کردووە، نەک تەنها سەرۆکی بنەماڵە حزبییەکانی دەسەڵات، ملیاردێرن، بەڵکو منالی دەسەڵاتی بنەماڵەکان، خاوەنی دەیان کارگە، کۆمپانیا، پرۆژەو زانکۆ و ڕێکخراوەی جیاجیان و توانای تەخشان پەخشان کردنی ملیۆنان و دەیان ملیۆن دۆلاریان هەیە. هەموو ئەمانە بەبەرچاوی بەبوونی "حکومەت و پەرلەمانەوە" پیکهاتوون.

دۆخی ئێستا بەرهەمی ئەم فۆرمە لەدەسەڵات و ئەو ئەڵگۆیە لە حکومەت و پەرلەمانی دیکۆر و قورمیشکراوی حزبییە. بۆیە گێرانەوەی دۆخی نەخوازراوی ئێستا و سەختی ژیان و گوزەرانی هاوڵاتیان بۆ نەبوونی حکومەت و پەرلەمان دروێیەکی یەکجار گەورەیە. حکومەت و پەرلەمان!!، جگە لەدوو پارچە لە مەکینەیەکی وێرانکەری حزبی زیاتر شتێکی تر نین، حکومەت و پەرلەمان بۆ بۆرژوازی کورد، ڕووپۆشێکن بۆ داپۆشینی دەسەڵاتی حزبی و بنەماڵەیی و میلیشیایی و ڕەوایەتی بەدرێژەدان بەم فۆرمە لە دەسەڵاتی وێرانکەر و ماوەبەسەرچوو. دەسەڵاتێک کە لە بنەڕەتدا ناکۆکە بەئەڵگۆ و فۆرمی دەسەڵاتی بۆرژوازی پێناسەکراوی ئەم سەردەمە بە حکومەت و پەرلەمانیشەوە.

دەسەڵاتی بنەماڵە لە هەرێمی کوردستاندا، بەپێچەوانەی دەسەڵاتە بۆ ماوەیەکانی بەشێک لە وڵاتانی دنیا، کە لەگەڵ ئەوەدا بنەماڵە جێگاو ڕێگای تایبەتی ماوە، بەڵام لەپاڵیدا چەندین دەزگاو

دامەزراوەی یاسایی و حقوقی و سەبازی و ئەمنی، سەربەخۆ ئامادەبیان هەیەو تەنانەت چاودێرن بەسەر دەسەلاتی بنەماڵەیی و بۆماوەییدا و سنوریان بۆی دیاری کردووە، لە هەرێمی کوردستاندا دەسەلاتی بنەماڵەیی، خاوەنی هەموو شتێکە. لە حزبەوە بۆ هێزی چەکدار. لە ئاسایشەوە بۆ قەڵەمڕەوی زۆنی. لە دادگاو یاساوە بۆ پەیوەندییەکان. لەسەرچاوەکانی داهاتەوە بۆ ئابوری و تەنانەت هەلی کار...تاد واتە هیچ شتێک نییە بنەماڵە قۆرغی نەکردبێت. تەنانەت دزی و تالانی بەسیستەم کراوە، موچەی وەزیر و گزیرەکان، ئەندام پەرلەمان و بەرێوەبەرە گشتیەکان و راوێژکارە زۆر و بێکارو بێدەنگەکان و جیاوازی خەیاڵیان بە بەراورد بە موچەی کارمەند و کرێکارێکی شارەزا، ئەو راستییە نیشان دەدات کە ئەوەی پێی دەوترێت سیستەم، دارێژەری دزی و تالانییە و ئەو دزی و تالانیە ئاشکرایەشی بەیاسایی کردووە.

ئەم واقیعەتە لەدۆخی سیاسی کوردستاندا، وەلاتانی فۆرمی دەسەلاتی حزبی و بنەماڵەیی و میلیشیایی، کردۆتە پیداویستییەکی حاشاهەڵنەگر و دەستبەجێ. گۆڕینی ئەم فۆرمە لەدەسەلات هەنگاوێکی یەکجار گەورەیە بەرووی گۆرانکاری و هاوکات پێشمەرجی هەر حکومەت و پەرلەمانێکی ئاسایی بۆرژوازییشە. ئەوەی کۆسپە لەبەردەم حکومەت و پەرلەمانێکی باوی و ئاسایی بۆرژواییدا، لەبەردەم دەسەلاتی دادوەریدا، دەسەلاتی حزبی و بنەماڵەیی و میلیشیایی لایەنێکی هەرە سەرەکیەتی. ئەو دەسەلاتە بەجۆرێک بۆگەن بووە، کە پێگەی خۆی نە تەنها لای هاولاتیان و جەماوەری کوردستان، بەڵکو لای دۆستە جیهانی و ناوچەییەکانیشی بە ئاستێکی زۆر لەدەستداوە. شیوەنی بۆرژوازی کورد و پارتی و یەکێتی بۆ پەرلەمان و حکومەت!! شیوەنە بۆ لاواز بوونی پێگە سیاسییەکانیان چ لە ئاستی عێراق و چ لە ئاستی ناوچەکەدا.

گێرانەوەی ئابرو بۆ کارنامەی ناسیونالیزمی کورد، بە پێکهێنانی حکومەت و کاراکردنەوەی پەرلەمان ناکرێت، پینەکردنی کارنامەی ئەم دەسەلاتە بە هاتوهاوار بۆ دامەزراوە بەناو یاساییەکانی بۆرژوازی، بەجێگایەک ناگات... پێشمەرجی هەر حکومەت و پەرلەمانێکی شێوە باوی بۆرژوازی تێپەرینە لە فۆرمی دەسەلاتی حزبی و میلیشیایی و باڵادەستی بنەماڵەیی... هەر حزب و لایەنێکی سیاسی ئەگەر خوازیاری ئاڵوگۆری بنەرەتی و بەرجەستە لە دۆخی ئێستای کوردستان و تێپەرین لەو فۆرمە لەدەسەلاتی بۆرژوازی کورد بێت، ناچارە خواستی کۆتاییهێنان بە دەسەلاتی حزبی و بنەماڵەیی و میلیشیایی لە ئەولەویەتی کارەکانی بێت، لە راستای ستراتیجیەتی خۆیدا. ئەگەر بەرەی ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی بایی تاڵە دەزوێەک بروایان بە دیموکراسی بۆرژوازی هەیەو دەیانەوێت حکومەت و پەرلەمان و دەسەلاتەکانی یاسادانان و جیبەجێکردن و دادوەری بەشێوەی یاسایی و لێک جیابکرینەوە، لەجێگای ئەوەی ئەوە بەشێک بن لە هاوار بۆ کاراکردنەوەی "پەرلەمان و پیکهێنانی حکومەت"، دەبێ خوازیاری کۆتاییهێنان بە فۆرمی دەسەلاتی حزبی و بنەماڵەیی و میلیشیایی بن و لەدژی بجەنگن.

هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان و بەرەی ئازادیخوازی کۆمەڵگەش ئەگەر خوازیاری فۆمێکی تری دەسەلات و جیا لە ئەڵگۆ و فۆرمی بۆرژوازی و پەرلەمانتاریزمن، وە دەیانەوێت دەسەلاتی ئازادانەو بەردەوامی لەخوارەوەی جەماوەری، کە ئیرادەی راستەوخۆی هاولاتیان مەبنایە، جێگای دەسەلاتی بۆرژوازی بگرێتەوە، بەهەمان شێوە دەبێت یەکێک لە ئەولەویاتە سەرەکیەکەی کۆتاییهێنان بە فۆرمی دەسەلاتی بنەماڵەیی و میلیشیایی و حزبی بێت، وەکو کۆسپێکی سەرەکی بەردەم جولانەوەی شۆرشگێرانەو ئازادیخوازنە لە راستای بەدیهێنانی ستراتیجیەتی کۆتایی خۆیدا، کە بنیاتنانی کۆمەڵگەی سۆشیالیستی و خاڵی لەچینەکان و ستەم و بیماقی و هەلاواردن و چەوسانەوەیە.

★

# عێراق؛ هاوسەنگیی هێز لەبەردەم ململانێی واشنتن و تاراندا

**دەشتی جەمال**

عێراق بە برگەیەکی هەستیار و یەککلاکەرەوەدا تێدەپەڕێت، لەلایەکەوە خواستێکی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی هەیە بۆ بەهێزکردنەوەی سەروەریی دەوڵەت و جێبەجێکردنی بنەمای "تەنها چەک لەژێر دەسەڵاتی یاسادا"، و لەلایەکی ترەوە ڕووبەڕووی تووڕەیی سیاسی و ئاڵۆزییە هەرێمییەکان دەبێتەوە کە ڕۆڵی گرووپە چەکدارەکان تێیدا یەکلاکەرەوەیە.

لە میانەی ئەم ئاڵۆزییە بەردەوامانەی ناوچەکەدا، سەردانی محەممەد باقر قالیباف، سەرۆکی پەرلەمانی ئێران، بۆ بەغدا و کۆبوونەوەی لەگەڵ سەرۆک وەزیران، ڕەنگدانەوەی قووڵی هەبوو لەسەر هاوسەنگییە سیاسییەکان. ئەم سەردانە نەک تەنها لە چوارچێوەی پەیوەندییە دووقۆڵییەکاندا بوو، بەڵکو پەیامێکی ڕوون بوو سەبارەت بە پاراستنی هەژموونی هاوپەیمانە هەرێمییەکان و ڕێگریکردن لە هەر هەنگاوێکی لەناکاوی ئەمنی کە هاوسەنگیی بڕیاری سیاسی لە عێراقدا تێکبدات.

سەرۆک وەزیران لە دۆخێکی قورس گوزەر دەکات کە دەیەوێت هاوسەنگی لە نێوان داواکارییەکانی ئەمریکاو ئێراندا ڕاگرێت، بەتایبەتی کە ئەوە بەپاڵپشتی چوارچێوەی هاوئاهەنگی شیعەکانی کە وەلائیان بۆ ئێران هەیە وە ڕازیبوونی ئەمریکا پۆستی سەرۆک

وەزیرانی پێدراوە. لەلایەکەوە حکومەتەکەی لەژێر گوشارە بەردەوامەکانی ئەمریکادایە، کە داوای لێدەکات بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو میلیشیایانەی پەیوەستن بە سوپای پاسدارانی ئێرانەوە، راگرتنی قاچاخی دراوی قورس لە عێراقەوە بۆ ئێران، دروستکردنی دەرفەتی وەبەرهێنان بۆ کۆمپانیا ئەمریکییەکان لە عێراق، و پتەوکردنی پەیوەندییە ئابوورییەکانی لەگەڵ سووریا. ئەوەی بۆ ئەمریکا گرنگە ئەوەیە کە بەغدا خۆی لە نفووزی ئێران دوور بخاتەوە و لەگەڵ هاوپەیمانە ئەمریکییەکانی ناوچەکە تێکەڵ ببێت و هاوسەنگی بپارێزێت.

داواکاری ئێران لە لەسەردانەکەی قالیباف بۆ بەغدا و کۆبونەوەلەگەڵ زەیدی ئەوە بووە کە بەشێک لە چەکە قورسەکانی گرووپە چەکدارەکان بەشێوەی کاتی بگوازرێنەوە بۆ ئێران وەک (ئامانەت). وەیان چەکەکان لە شوێنێکی دیاریکراودا هەڵبگیرێن( واتە بەکارنەهێنرێن)، بەبێ ئەوەی راستەوخۆ بدرێنە دەستی حکومەتی عێراق.ئەم پێشنیارانە بە ئامانجی کەمکردنەوەی ئەگەری رووبەڕووبوونەوەی حکومەتی عێراق لەگەڵ گرووپە چەکدارەکان هەڵسەنگێنراون. لەبەرامبەردا، سەرچاوەکانی حکومەتی عێراق وتوویانە بەغدا پێداگری لەسەر کۆنترۆڵکردنی هەموو چەکێک لەلایەن دەوڵەتەوە دەکات.

لەبەرامبەر ئەم گرژییە سیاسی و ئەمنییانە و گوشارە دەرەکی و ناوخۆییانەدا، سەرچاوەیەک لە چوارچێوەی هەماهەنگی ئاشکرای کردووە کە سەرکردە دیارەکانی شیعە (وەک نوری مالیکی، عەممار حەکیم و هادی عامری) پێشنیازیان پێشکەشی گرووپە چەکدارییەکان کردووە بە ئامانجی هێورکردنەوەی دۆخەکە و کەمکردنەوەی گرژییەکان لەگەڵ سەرۆک وەزیران. خاڵی سەرەکیی ئەم پێشنیازانە بریتییە لە گۆڕینی چەمکی "داماڵینی چەک" بۆ "ئیدارەدانی چەک"، بەشێوازێک کە بەکارهێنانی چەک بەتەواوی بکەوێتە ژێر فەرمانی فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکانەوە بۆ رێگریکردن لە هەر جوولەیەکی سەربازیی دەرەوەی بڕیاری دەوڵەت، بەتایبەت لە پەیوەندیدا لەگەڵ کەتائیبی حزبوللا و بزووتنەوەی نوجەبا. لەهەمان کاتدا، لیژنەیەکی تایبەت بە سەرۆکایەتیی عامری و حەکیم پێکهێنراوە بۆئەوەی وەک ناوبژیوان لەنێوان ئەو گرووپانە و سەرۆک وەزیراندا کار بکەن و رێگری لە گواستنەوەی کێشە سیاسییەکان بۆ پێکدادانی مەیدانی بگرن.

کۆی گشتیی هاوکێشەکان پێمان دەڵێن کە سەرۆک وەزیران ناتوانێت بە شێوازە توند و خێراکان چەک لە میلیشیا نزیکەکانی ئێران دابماڵێت. لەڕوانگەی پراکتیکییەوە، سیاسەتی حکومەت زیاتر بەرەو تێکەڵکردن یان خستنەژێر چەتری فەرمیی دەوڵەتەوە دەچێت، نەک داماڵینی یەکجاری، چونکە سەرکەوتنی هەر هەنگاوێک بەستراوە بە توانا و هێزی دامەزراوەکانی دەوڵەت بۆ رووبەڕووبوونەوەی قەیرانەکان بەبێ هەڵوەشاندنەوەی ئارامیی سیاسیی وڵات لە بەرامبەر خواستە دەرەکی و ناوخۆییەکاندا.

دیارە نە ئەمریکا دەتوانێت عێراق بە ئاسانی و بەتەواوی لە ژێر هەژموونی ئێران دەربهێنێت، و نە ئێرانیش دەتوانێت تا سەر هێزێکی باڵادەست و یەکلاکەرەوە بێت لە عێراقدا. بۆیە عێراق هێشتا وەک گۆڕەپانێکی سەرەکی بۆ ململانێ و کێبڕکێی نێوان ئەمریکا و ئێران دەمێنێتەوە، ململانێیەک کە کاریگەرییەکانی تەنها لە بوارە سیاسی و ئەمنییەکاندا نییە، بەڵکو بە شێوەیەکی راستەوخۆ لەسەر ئاراستەی سیاسەتی ناوخۆی عێراقیش کاریگەری هەیە.

لەبەر ئەمە، ئاساییبوونەوە و جێگیرکردنی پەیوەندییەکانی عێراق و ئەمریکا، تەنها بە گۆڕینی هاوسەنگی هێز لەناوخۆوە مەیسەرنابێت. بەبێ کەمکردنەوەی کێشە و ناکۆکییەکان لەنێوان واشنتۆن و تاراندا، بەڵکو کارێکی یەکجار سەخت و پڕ لە گرفت دەبێت. چونکە تا ئەو کاتەی عێراق لە ناوچەی کێبڕکێی ستراتیژیی نێوان ئەم دوو هێزەدا بمێنێتەوە، هەر هەوڵێک بۆ دانانی پەیوەندییەکی هاوسەنگ و جێگیر لەگەڵ یەکێکیان، بەشێوەیەک یان شێوەیەکی تر، دەکەوێتە ژێر کاریگەریی پەیوەندییەکانی نێوان ئەمریکا و ئێران.

لەلایەکی دیکەوە سەرجەم ئەو هێزانەی لەچەند ساڵی رابردوادا دەسەلاتداریتی عێراقیان بەدەستەوە بووە، سەرباری ناکۆکی و کیشمەکیشیان، تەوافقی نیوان ئەو گروپە میلیشیایی و تائیفیانە بووە بۆ داسەپاندنی یاسا و ریسای کۆنەپەرستانەو دریژەدان بەجیگاو ریگەیان هەرکامیان لەدەسەلاتدا نەک کیشەو ناکۆکیان لەسەر ماهیەتی دەسەلات.

لە کۆتاییدا، ریگای چارەسەر لە بەریخستنی بزووتنەوەیەکی جەماوەری بەرفراوانە لەدژی دەسەلاتداریتی وحکومی تائیفی و بنەمالەیی ،بۆ کردنەدەرەوەی ئەمریکاو ئیران و دەسکۆتاکردنی هیزە ئیسلامی وقەومیەکان لەسەر ژیانی خەڵک، هینانەئارای هەلومەرجیک کەلەسایەدا خەڵکی عیراق بتوانن ئازادانە بریار لەسەرسیستەمی حکومرانی داهاتووی عیراق بدەن .دەسەلات دەبێت بگەڕێتەوە بۆ خەڵکی عێراق و لەسەر بنەمای ویستی ئەوان دامەزرێت.

٢٢/٨/٢٠٢٦

**دەسەڵاتی دەوڵەتی لە عێراق و کوردستاندا لەسەر بنەمای میلیشیا و گەندەڵی و تالانکردنی داهاتی گشتی دامەزراوە، کۆتاییهێنان بەو دوو دیاردەیە، بەندە بە کۆتاییهێنان بەخودی سیستەم و دەسەڵاتی سیاسی ئێستاوە!**



# باری قورسی ژیان؛ کاتێک پێداویستیە بنەڕەتیەکان دەبنە ئامرازی کەڵەکەکردنی سەرمایە

نووسینی: توانا محمد نوری

ژیانی ڕۆژانەی هاوولاتییانی هەرێمی کوردستان لەژێر گوشارێکی بێپچڕانی ئابووریدایە. گرانیی نرخەکان، بەرزبوونەوەی تێچووی خزمەتگوزارییەکان و گرانبوونی سووتەمەنی و خواردن، تەنیا ڕێکەوت نین. ئەم دۆخە دەرئەنجامی ڕاستەوخۆی پێکهاتەیەکی ئابووریی دیاریکراوە کە تێیدا پێداویستییە سەرەکییەکانی ژیان، لەبری ئەوەی خزمەت بە ڕەفاهیی گشتی بکەن، بوونەتە کالا و ئامرازێک بۆ دابینکردنی قازانجی کەمینەیەکی خاوەن دەسەڵات.

سووتەمەنی و بەنزین، کە بڕبڕەی پشتی جوڵەی هەر خێزانێکن، بەردەوام ڕوو لە بەرزبوونەوەن. لە ناوچەیەکدا کە گواستنەوەی گشتیی ڕێکخراو بوونی نییە، ئۆتۆمبێل نەریت یان کەلوپەلی خۆشگوزەرانی نییە، بەڵکو پێداویستییەکی حاشاهەڵنەگرە بۆ کارکردن. کاتێک نرخی بەنزین بەرز دەبێتەوە، ڕاستەوخۆ توانای کڕینی کرێکاران و خەڵکی کەمداهات لاواز دەبێت . بۆ نموونە، شۆفێرێکی تەکسی یان کارمەندێکی گەیاندن (دلیڤەری) کە ڕۆژانە زیاتر لە ١٠ کاتژمێر کار دەکات، دەبینێت نیوەی داهاتەکەی تەنیا بۆ تێچووی سووتەمەنی دەڕوات؛ ئەمە بەو مانایەیە کە ئەو ماندووبوونەی ئەو، لەبری ئەوەی ببێتە خۆشگوزەرانی بۆ خێزانەکەی، دەچێتە گیرفانی ئەو کۆمپانیا مۆنۆپۆلانەی کە سووتەمەنی هاوردە دەکەن. لێرەدا سووتەمەنی تەنیا کالا نییە، بەڵکو مۆنۆپۆلێکی سیاسییە کە بۆ کەڵەکەکردنی زیاتری سەرمایە بەکاردێت.

سەبارەت بە خواردن و پێداویستییە سەرەکییەکان، باری گرانییەکە تۆختر دەبێتەوە. خواردن کە بنەمای زیندەگییە، بەتەواوی کەوتووەتە ژێر ڕەحمەتی بازرگانانی سەر بە دەسەڵات. کاتێک بەرهەمهێنانی ناوخۆیی پشتگوێ دەخرێت و هەموو شتێک پشت بە هاوردەکردن دەبەستێت، نرخی خۆراک دەبێتە بارمتەی ململانێ جیۆپۆلیتیکییەکان و قازانجخوازیی ناوبژیوانانی بازاڕ، ئەمەش وا دەکات خێزانەکان بەشێکی زۆری داهاتیان تەنیا بۆ بژێوی ڕۆژانەخەرج بکەن.

خزمەتگوزارییە گشتییەکانی وەک تەندروستی، پەروەردە، کارەبا و ئاو، کە دەبوو وەک مافی بنەڕەتی دەستبەر بکرێن و بە تایبەتیش خزمەتگوزارییەکانی (ئاو و کارەبا) کە دەبێت بە بێبەرانبەر بۆ هاوولاتییان دابین بکرێن، کەچی بەرەو تایبەتکردنەوە براون. کاتێک کەرتی تایبەت دەست بەسەر ئەم سێکتەرانەدا دەگرێت، پێوەری سەرەکی چیتر پێداویستیی کۆمەڵایەتی نییە، بەڵکو بڕی ئەو قازانجەیە کە لە وەرگرەکەی دەیچنێتەوە. وەک نموونەیەک، کاتێک نەخۆشخانە حکومیەکان بەدەست کەمبوونی دەرمان و ئامێری پزیشکییەوە دەناڵێنن، هاوولاتی ناچار دەکرێت پەنا بۆ نەخۆشخانە ئەهلییەکان ببات کە زۆرجار هەمان ئەو پزیشکانەی لێیە کە لە خەستەخانە حکومین، بەڵام لێرەدا دەبێت تێچوویەکی خەیاڵی بدات؛ ئەمەش وادەکات "تەندروستی" ببێتە ئیمتیازێکی دارایی نەک مافێکی بنەڕەتی بۆ هەمووان. ئەم پرۆسەیە جیاوازییە چینایەتییەکان قووڵتر دەکاتەوە و بەشێکی زۆری خەڵک لە مافە بنەڕەتییەکانیان بێبەش دەکات.

لە ناوەندی ئەم هاوکێشەیەدا، هێزی کاری مرۆڤ ئامرازی سەرەکیی خوڵقاندنی سەروەت و سامانە، بەڵام خۆی کەمترین سوودی لێدەبینێت. کرێکاران و کارمەندان بەرهەمهێنەری ڕاستەقینەی سامان و خزمەتگوزارییەکانن، کەچی ئەو داهاتەی پێیان دەدرێت بەشی دابینکردنی هەمان ئەو پێداویستیيانە ناکات کە بە دەستی خۆیان بەرهەم هاتوون. ئەم "نامۆبوونەی" مرۆڤ لە ئەنجامی کارەکەی و لە تواناکانی خۆی، جەوهەری ئەو ئازارە ئابوورییەیە کە ڕۆژانە هەستی پێدەکرێت.

هۆکاری بنەڕەتیی ئەم گرانییە لە کەمبوونی سامان یان سەرچاوەکاندا نییە، بەڵکو لە شێوازی دابەشکردنی نادادپەروەرانەی ئەو سامانەدایە. کاتێک ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و دابەشکردن لە دەستی کەمینەیەکی خاوەن سەرمایە و دەسەڵاتدا چڕ دەبنەوە، بڕیارە ئابوورییەکان تەنیا بۆ خزمەتکردنی بەرژەوەندیی ئەو کەمینەیە دەدرێن. لە ئەنجامدا، زۆربەی کۆمەڵگە بەردەوام لە هەوڵێکی ماندووکەردا دەبن بۆ دەستکەوتنی بژێویی سەرەتایی.

بازاڕ لێرەدا بەبێ ڕەچاوکردنی لایەنی مرۆیی کار دەکات؛ بۆ ئەم سیستەمە، مرۆڤەکان تەنیا بەکاربەر یان هێزی کارین. کاتێک نرخی کاڵاکان بەرز دەبێتەوە، سەرمایەدارەکان قازانجی زیاتر کەڵەکە دەکەن، لە کاتێکدا جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش تووشی داهاتوورەشی و دڵەڕاوکێی بەردەوام دەبنەوە. ئەم نادادپەروەرییە لە بەرژەوەندییە ئابوورییەکاندا بنەمای هەموو ئەو ئاڵۆزی و گوشارانەیە کە

ڕووبەڕووی خـێـزانەکـان دەبنەوە.

کردنی پێداویستییەکانی ژیان بە کاڵا، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیشی گۆڕیوە. هەموو شتێک لە ڕوانگەی بەها و نرخەوە سەیر دەکرێت، تەنانەت کات و توانای مرۆڤەکانیش. خەڵک ناچار دەبن کاتژمێری زیاتر کار بکەن و گوشاری دەروونیی زیاتر هەڵبگرن، تەنیا بۆ ئەوەی بتوانن لە ئاستی ئاسایی بژێویدا بژین، کە ئەمەش مرۆڤ لە جەوهەری کۆمەڵایەتی و ئازادییەکانی خۆی دادەبڕێت.

چارەسەری ئەم دۆخە بە دەستکارییە ڕووکەشەکان یان چاودێریکردنی کاتیی نرخەکان بەدی نایەت. کێشەکە قووڵترە لەوەی بە چەند بڕیارێکی ئیداری ڕاست بێتەوە، چونکە سیستەمەکە خۆی لەسەر بنەمای زیادکردنی قازانج نەک تێرکردنی مرۆڤ دروست بووە. تا ئەو کاتەی ئابووری لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی گشتی و تێرکردنی پێداویستییە واقعیەکانی کۆمەڵگە دانەڕێژرێتەوە، گرانی و قەیرانەکان بە شێوازی جیاواز دووبارە دەبنەوە.

بۆ دەربازبوون لەم قەیرانە پێویستە هەموو ئەو کارگە و ئامرازانەی شتومەکیان لێ بەرهەم دێت، لەگەڵ هەموو ئەو خزمەتگوزارییە سەرەکییانەی کە ژیانی خەڵکیان پێوە بەندە، بخرێنە ژێر دەست و کۆنترۆڵی هەموو کۆمەڵگە؛ نەک ببنە موڵکی چەند کەسێک و تەنیا بۆ پڕکردنی گیرفان و قازانجی تایبەت بەکاربێن. ڕاستییەکەی ئەوەیە، هەتا نان و دەرمان و پێداویستییەکانی ژیان وەک "کاڵا" بن بۆ کڕین و فرۆشتن، هەرگیز یەکسانی ڕاستەقینە بەدی نایەت. تەنیا کاتێک کۆمەڵگە دەتوانێت ڕووی ئاسوودەیی ببینێت، کە ژیانی مرۆڤ لەو بازنە تەسکەی "قازانجکردن" دەربچێت و پێداویستییەکان تەنیا بۆ دابینکردنی خۆشگوزەرانیی مرۆڤ بن، نەک بۆ بازاڕ.

★

# جەنگ و گەمارۆی ئابووریی ئەمریکا بۆسەر ئێران و چەند ڕاستییەک!

## نوری بەشیر



ئەمریکا دەورەیەکی نوێی جەنگ و فشاری بۆسەر ئێران دەستپێکردووە؛ دەورەیەک کە لەگەڵ قۆناغی جەنگی ١٢ ڕۆژە و ٤٠ ڕۆژە، یان قۆناغی "نە شەڕ و نە ئاشتی" جیاوازییەکی گەورەی هەیە. ئەم قۆناغە تەنها بە هێرشە سەربازییەکان سنووردار نابێتەوە، بەڵکو بە توندکردنەوەی گەمارۆ و فشارە ئابوورییەکانیش درێژەی پێدەدرێت و دەتوانێت کاریگەرییەکی قووڵ لەسەر ئێران، کۆماری ئیسلامی، خەڵکی ئێران و هاوسەنگیی هێز لە ناوچەکەدا دابنێت.

جەنگەکە کە بە هێرشی ئەمریکا و ئیسرائیل دەستی پێکرد، بەشێوەیەک پەرەی سەند و بووە هۆی فراوانبوونی کێشەکە بۆ بەشێکی زۆر لە ناوچەکە، لەبەرئەوەی ئێرانیش بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆی هەوڵیدا کێشەکە بگەیەنێتە دەرەوەی سنوورەکانی خۆی. ئەنجامی ئەمەش دروستبوونی بارودۆخێکی ئاڵۆز و پڕ لە ترس و نائارامیی دروستکرد.

لە شوباتی ٢٠٢٦ەوە، پەیوەندیی نێوان ئەمریکاو ئێران بە قۆناغە جیاوازەکانی جەنگ، فشار، دانوسان و وەستانی جەنگدا تێپەڕیوە. ئەم گۆڕانکارییانە ئەم دوو لایەنەی خستووەتە بارودۆخێکەوە کە گەڕانەوە بۆ بارودۆخی پێش جەنگ ئاسان نییە. لەم چوارچێوەیەدایە، کە ئەمریکا زیاتر پشت بە گەمارۆ و فشارە ئابوورییەکان دەبەستێت.

ڕۆژی پێنجشەممە ٢٠ی ئاب، سکۆت بێسێنت، وەزیری گەنجینەی ئەمریکا، لە قسەکانیدا دەربارەی توندکردنەوەی گەمارۆکان بۆسەر ئێران، ئەوەی خستەڕوو کە سزاکان دەبنە یەکێک لە گەورەترین هەوڵەکان بۆ دابڕین و گۆشەگیرکردنی ئابووریی ئێران، و فشارە ئابوورییەکان دەتوانن کاریگەرییەکی ئەوتۆ لەسەر ڕژێم دابنێن کە ببێتە هۆی ڕووخاندن و گۆڕانکاری لە دۆخی سیاسی. بێسێنت هەروەها هۆشدارییەکی توندی بە هاوپەیمانانی واشنتن دا و گوتی: "یان لەگەڵمانن، یان دژمانن."ئەمە نیشانی دەدات کە واشنتن نایەوێت تەنها لە سنووری خۆی و هاوپەیمانە نزیکەکانییەوە فشار بۆسەر ئێران دابنێت، بەڵکو دەیەوێت وڵاتانی جیهانیش ڕابکێشێتە ناو سیاسەتی گۆشەگیرکردنی ئێران و خنکاندنی لە باری ئابوورییەوە، بۆ دانوسان و ڕایزبوون بە ڕێکەوتن.

لە هەمان کاتدا، دونالد ترەمپ بەردەوامە لە هەڕەشە و هەڵوێستە توندەکانی خۆی بەرامبەر ئێران. قسەکانی لەسەر گەرووی هورمز نیشان دەدەن کە کێشەکە تەنها بە شەڕو گەمارۆی ئابووری سنووردار نییە، بەڵکو بابەتی وزە و بازرگانیی جیهانی، بەتایبەتی گەرووی هورمزو چەکی ناوەکی تێدایە.

گۆڕینی سیاسەتی ئەمریکا لە هێرشە سەربازییەکانەوە بۆ توندکردنەوەی گەمارۆ ئابوورییەکان، خۆی نیشانەیەکی گرنگی شکستی سیاسەتی ئەمریکایە. لە سەرەتای جەنگدا، ترەمپ باسی لەوە دەکرد کە ئێران دەبێت بگەڕێتەوە بۆ "سەردەمی چاخی بەردین"، ئەو هێرش و هەڕەشانە بە شێوەی ڕاستەوخۆ ژێرخان و توانای سەربازی و

ئابووریی وڵاتەکەیان کردە ئامانج.

بەڵام لە شەڕ و گەمارۆدا، قوربانیی سەرەکی زۆربەی خەڵکی مەدەنییە. لێدان لە ژێرخانی ئابووری، گرانبوونی پێداویستییە سەرەتاییەکان و دابەزینی توانای کڕین، فشارێکی زۆر گەورە لەسەر ژیانی خەڵک دروست دەکات. بۆیە ئەگەر ئامانجی گەمارۆکان فشارخستنە سەر رژێم بێت، ئەنجامەکەی دەتوانێت زیاتر لەسەر خەڵک بکەوێت تا سەرانی دەسەڵات.

کۆماری ئیسلامی وەک رژێمێکی درندەی سەرمایەداری لە ماوەی پێنج دەیەدا ئەزموونی گەمارۆ، جەنگ، سەرکوت، کوشتن و تیرۆری پیادەکردووە، تەنها بۆ مانەوەی دەسەڵات، پەنا بۆ رێگای جۆراوجۆر دەبات، بەڵام ئەم رابردووە نابێت ببێتە هۆی ئەوەی خەڵکی ئێران وەک بەشێک لە رژێم سەیر بکرێن؛ لە راستیدا خەڵکی ئێران یەکەم کەسانن کە لە ئەنجامەکانی ئەم سیاسەتە زەرەرمەندن.

خاڵێکی گرنگ لە قسەکانی بێسێنت ئەوەیە کە فشارە ئابوورییەکان بتوانن ببنە هۆی رووخانی رژێم. ئەمە دەتوانێت نیشانەی ئەوە بێت کە واشنتن هەڵسەنگاندنێکی نوێی بۆ بارودۆخی ناوخۆی ئێران کردووە، هەروەها دەکرێت نیشانەی ئەوە بێت کە فشارە سەربازییەکان بە تەنیا نەیتوانیوە ئەو ئەنجامەی واشنتن دەیەوێت بەدەستبهێنێت، بۆ شاردنەوەی شکستەکانی سیاسەتی توندکردنەوەی گەمارۆ ئابورییەکانی گرتووەتەبەر.

ئەمریکا خۆیشی لەگەڵ قەیران و کێشەی جۆراوجۆردا بەرەورووە. قەرزی گشتیی زۆر گەورە، ناکۆکیی سیاسی لە ناو کۆنگرێس و نارەزایەتییە کۆمەڵایەتییەکان، سنووری توانای واشنتن بۆ بەردەوامبوون لە جەنگێکی درێژخایەندا نیشان دەدەن.

لە هەمان کاتدا، جەنگی بۆ سەر ئێران و ئەمسیاسەتە دەبێت لە چوارچێوەی گۆڕانی سیستەمی جیهاندا بخرێتە بەرچاو. جیهان لە سیستەمێکی چەندجەمسەریدایە؛ چین و رووسیا و هێزە ناوچەییەکان هەر یەکەیان بەرژەوەندیی تایبەتییان هەیە، بۆیە ئەمریکا ناتوانێت هەمیشە وەک تەنها جەمسەرێکی بێهاوتا بریار لەسەر هەموو ناوچەکە بدات، بۆیە لە جەنگیدا بۆسەر ئێران تەنگەژەیەکی گەورەی بۆ دروستبووە.

شکستی ئەمریکا لە جەنگی بۆسەر ئێراندا کەمێک درەنگ کەوت، بەڵام شانسی ئەوەی هەبوو کە خەڵکی ئێران لەگەڵ رژێمی درندە و هاری کۆماری ئیسلامیدا نین. ئەگەر کۆمەڵگایەکی نەوەد ملیۆنی وەک ئێران بە تەواوی لە پشتی رژێمەکەدا بوونایە، ئەوا شکستی ئەمریکا زووتر دەبوو.

هەروەها جەنگەکە بووەتە هۆی دروستبوونی کۆمەڵێک رێکەوتن و هاوکاریی و کێشەی ناوچەیی لە نێوان هاوپەیمانەکانی ئەمریکا؛ لەوانە رێکەوتنی مەکە لەلایەن سعودیە، تورکیا و پاکستان، رێکەوتنی تورکیا و میسر، و هەروەها هاوکاریی ئیسرائیل، یۆنان و قوبرس لە رۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست، کە لە ٢٠٢٦دا گرنگییەکەی زیاتر بووەو هەروەها کێشەی نێوان ئیسرائیل و تورکیا لەناو سوریادا.

تا بە کۆماری ئیسلامیی ئێران دەگەڕێتەوە ئەم دەورەیە کێشەکانی ناوخۆی زیاتر دەردەکەون، قسەکانی قالیباف توندترە لە قسەکانی پزیشکیان، و ئەمەش نیشانەی جیاوازیی هەڵوێستی ناوخۆی دەسەڵات و هێزی باڵی توندڕەوە. ئەگەر جەنگەکە ئەم باڵانەی تا رادەیەک لە یەکتر نزیک کردبێتەوە، ئەوا دەورەی توندکردنەوەی گەمارۆ ئابوورییەکان دەتوانێت ئەم یەکریزییە لاواز بکات و ناکۆکییە ناوخۆییەکان زیاد بکات. بە تایبەتی ئەگەر جەنگ کۆتایی بێت، چی دەبێتە بەهانە بۆ رژێم بۆ ئەوەی وەڵامی خواست و داواکارییەکانی خەڵک نەداتەوە؟ لەو بارودۆخەدا، ئەگەری رووبەڕووبوونەوەی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ نارەزایەتیی ناوخۆ زیاتر دەبێت.

لە بەرامبەردا، لە چەند رۆژی رابردودا، مەیلی ئێران بۆ دانوسان لەقسەکانی سەرانیدا دەردەکەون، بۆ نموونە پزیشکیان جەختی لەوە کردووەتەوە کە دانوستان و رێگای سیاسی دەتوانێت باشترین رێگا بێت بۆ شکاندنی قەیرانی ئێستا. ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە فشارە ئابووری و سیاسییەکان کۆماری ئیسلامی ناچار دەکەن زیاتر بیر لە دانوستان بکاتەوە.

لە کۆتاییدا، گۆڕینی سیاسەتی ئەمریکا لە هێرشە سەربازییەکانەوە بۆ توندکردنەوەی گەمارۆ و فشارە ئابوورییەکان، نیشانەی گۆڕانێکی گرنگ لە ستراتیژیی واشنتن دەخاتەڕوو. ئەمە ئەوە نیشان دەدات کە بەردەوامبوون لە جەنگ بەو شێوەیەی لە سەرەتادا پلانی بۆ دانرابوو، ئاسان نییە و بۆیە هەوڵ دەدرێت بە فشارە ئابوورییەکان ئێران ناچار بکرێت بۆ دانوستان و قبوڵکردنی هەندێک مەرج.

بەڵام لە هەموو جەنگ و گەمارۆیەکدا خەڵک زۆرجار یەکەم قوربانییەکانن. گەمارۆ دەتوانێت فشار بخاتە سەر رژێم، بەڵام هەمان کات دەتوانێت بارودۆخی ژیانی خەڵک خراپتر بکات. بۆیە گرنگترین پرسیار تەنها ئەوە نییە کە کام لایەن لە جەنگدا سەرکەوتوو دەبێت، بەڵکو ئەوەشە کە ئەم قەیرانە بۆ خەڵکی ئێران و خەڵکی ناوچەکە چی بەرهەم دەهێنێت.

لە هەمان کاتدا، هەوڵە دیپلۆماسییەکان، بەتایبەتی لەلایەن پاکستانەوە، دەتوانن هەنگاوێک بن بۆ کەمکردنەوەی گرژییەکان و گەڕاندنەوەی هەردوو لایەن بۆ سەر مێزی دانوستان. بەپێی هەواڵەکانی ئەمڕۆ ٢٤ی ئاب ئەمریکا چوارچێوەیەکی توندی ئابوری بەسەر ئێراندا رادەگەیەنێت، لەکاتێکدا پاش ئەوەی لە چەند رۆژی رابردودا عاسیم مونیر، سەرۆکی سوپای پاکستان پەیوەندی بە ترامپەوە کرد، هەر ئەمڕۆ گەشتە تاران و چاوی بەسەرانی کۆماری ئیسلامی کەوت بۆ نزیکردنەوەی هەردوولا بۆ دانوسان.

لە کۆتاییدا، گەمارۆ ناتوانێ ئامانجەکانی ئەمریکا بهێنێتەدی و دانوستانیش بەبێ رەچاوکردنی بەرژەوەندیی خەڵک ناتوانێت ئاشتییەکی پایەدار دابین بکات. چارەنووسی ئێران و ناوچەکە بەوە پەیوەستە کە جەنگ بۆ کێ دەبێتە ئامراز، و ئاشتی بۆ کێ دەبێتە ئەنجام.

★

# شەڕی ئەمریکا- ئیسرائیل دژ بە ئێران و لێکەوتەکانی لەسەر ناوچەکەو کوردستان!

## موحسین کەریم

بەردەوامبوونی دۆخی شەڕی ئەمریکاو ئیسرائیل دژ بە ئێران، کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر دۆخی سیاسی و ئابوری و ئەمنی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی و ناوچەی کەنداو بەتایبەتی داناوە، سەرەڕای کاریگەرییەکانی لەسەر دۆخی ئابوری جیهان بەهۆی بارگرژییەکانی گەرووی هورمزەوە کە گرفتی بۆ گوستنەوەی ووزە لە وولاتانی کەنداوەوە بۆ جیهان دروستکردووە و بووەتە هۆی بەرزبونەوەی نرخی کاڵاو خزمەتگوزارییەکان لە ئاستی جیهانیدا. عێراق و کوردستان، بێجگە لەوەی دەکەونە ناو ئەلقەی جوگرافی کێشمەکێشەکەوە، هاوکات ناوچەیەکی ڕاستەوخۆی ململانێی ئێران و ئەمریکایە، بەحوکمی ئەوەی هەردوو وولات نفوزو کاریگەری گەورەیان لەسەر دۆخی سیاسی- ئابوری- ئەمنی عێراق کوردستان هەیە.

ئەم شەڕەی کە لایەن ئەمریکا و ئیسرائیلەوە، بەبیانووی لەناوبردنی پرۆژەی ئەتۆمی ئێران و ڕێگاگرتن لە ڕژێمی ئێران بۆ دەسگەیشتن بە چەکی ئەتۆمی و لەناوبردنی مووشەکە بالیستیەکانی ئێران و کۆتاییهێنان بە دەستێوەردانی ئێران بوو لە نائارامکردنی ناوچەکە لەڕێگای میلیشیا چەکدارەکانی سەر بەخۆیەوە، دوای داخستنی گەرووی هورمز لەلایەن ئێرانەوە، گۆڕاوە بۆ ناچارکردنی ئێران بە کردنەوەی گەرووی هورمز! دوای کوشتنی بەشێکی زۆر لە فەرماندە سەربازی و ئەمنیەکانی ئێران و خودی عەلی خامنەیی لەلایەن ئەمریکاو ئیسرائیلەوە و کاولکردنی بەشێکی زۆر لە توانای سەربازی و لۆجستی و دامەزراوە ئابورییەکانی ئێران، ئەمریکا پەنای بردە بەر گەمارۆی دەریایی بۆسەر ئێران وەکو کاردانەوەیەک بەرامبەر بە داخستنی گەرووی هورمز و بەمەبەستی خنکاندنی ئابوری ئێران و ناچارکردنی بە قبوڵکردنی مەرجەکانی ئەمریکا بۆ ئاگربەست و ڕێکەوتن!

ئەم شەڕەی ئەمریکا و ئیسرائیل دژ بە ئێران، ئامانجی جیاوازی هەبوو بۆ هەریەکە لەو دوو دەوڵەتە. بۆ ئەمریکا ئەم جەنگە پەیامێک بوو بۆ بلۆکە ئیمپریالیستیە جیهانیەکانی نەیار و ڕکابەری ئەمریکا ( ڕوسیا و چین بە پلەی یەکەم) و شکستهێنان بە ئێران و تەسلیمکردنی بە ئەمریکا. بۆ ئیسرائیل، ئامانجەکە ڕوخاندنی ڕژێمی ئیسلامی ئێران بوو وەکو دەوڵەتێکی بەهێزی نەیاری ئیسرائیل لەناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەمەبەستی پاکردنەوەی یەکێک لە ڕێگر و گرفتە سەرەکیەکانی بەردەم ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورەو هەژمونی بێرکابەری ئیسرائیل لەناوچەکەدا. تەنانەت لەسەر ئەم بنەمایەوە، پرسی هاوکاری چەکداریی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ڕژێمی ئیسلامی ئێران، شاپەرستەکان، موجاهدین ، حزبە چەکدارە ناسیۆنالیستەکانی کورد و بلوچەکان، بوە بەشێک لە پرۆسەی هێرشی زەمینی ئەمریکاو ئیسرائیل بۆ تەواوکردنی پرۆسەی ڕوخانی ڕژێم. بەلام ئەم نەخشەیە بەهۆی کاردانەوەی دڕندانەی ڕژێم و کوشتنی هەزاران کەس لە خۆپیشاندەران لەلایەک و هەڕەشەکردن لە حکومەتی هەرێم بۆ بەکارهێنانی کوردستانی عێراق بۆ هێرشکردنە سەر ئێران لەلایەن حزبە ناسیۆنالیستە کوردەکانی ئێرانەوەو بگرە چەندینجار بۆردومانکردنی هەرێمی کوردستان و بنکەو بارەگای ئەو حزبانە لەنا وهەرێمی کوردستان و بێجگە لەوانە، پەیوەندیکردن بە تورکیاوە تا ئەمریکا لەم سیاسەتەی پەشیمان بکاتەوە، چونکە دەوڵەتی تورکیاش بەرژەوەندی لەوەدا نیە کە هێزە کوردیەکان لە ئێراندا پێگەیان هەبێ، شکستی هێناو ئەمریکا دەستبەرداری بوو. ئەگەرچی ئیسرائیل بەشوێن دەرفەتێکدا دەگەڕێ کە ئەم سیاسەتەی جێبەجێ بکات و هەمیشە هەول دەدات ئەمریکا بەو ئاراستەیە قایل بکات.

بەلام بۆ ئێران شەڕەکە شەڕی مانو نەمانی جمهوری ئیسلامیە، بۆیە هەموو تواناکانی خۆی بۆ بەرگری لەخۆی و زیانگەیاندن بە ئەمریکا لەڕێگای لێدان لە بنکەکانیەوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و وولاتانی کەنداو، هەروەها بۆردومانی مووشەکی ئیسرائیل بەگەرخست و زیانی بەرچاویشی بە ئەمریکاو ئیسرائیل گەیاند. هەر ئەوەش وایکرد کە ئەمریکا لە جەولەی دووەمی شەڕەکەدا، ڕێگانەدات ئیسرائیل بەشداری لە شەڕەکەدا بکات و شەڕەکە بە شەڕی نێوان خۆی و ئێرانەوە تەنگ بکاتەوەو هاوکات دانوسان و ڕێکەوتنەکانیش و بڕیاردان لەسەر چارەنوسی شەڕەکە لەدەستی ئەمریکاو ئێراندا بمێنێتەوە. لەلایەکی دیکەوە، بەرژەوەندی وولاتانی ڕوسیاو چین لە گیرکردنی قاچی ئەمریکا لە شەڕی ئێراندا، فاکتەری هاوکاری هەواڵگری و لۆجستی ئەو دوو وولاتە بوو بۆ ئێران، کە بە یارمەتی توانای تەکنۆلۆژی سەربازی و جەنگی ئەوان توانی زیانی گەورە بە ئەمریکاو ئیسرائیل بگەیەنێ و دۆخەکە بەو بارەدا بشکێتەوە کە ئەمریکا ناچاربێت پەنابباتە بەر ئاگربەست و ڕێکەوتن لەگەڵیدا لەڕێگای ناوەندگیری

پاکستان و عومانەوە، هەروەکو کاریگەری جەنگەکە لەسەر ناوچەکەو ئەگەری زیاتر تێکچوونی دۆخی ئابوری و ئەمنی ناوچەکە، هۆکاربون بۆئەوەی وولاتێکی وەکو سعودیەو وولاتانی دیکەی ناوچەکە هەولێ هێورکردنەوەی دۆخەکەو هانی ئەمریکا بدەن بۆ ئاگربەست و ریکەوتن لەگەڵ ئێراندا.

ئێستا ئەگەرچی ئاگربەستی (٦٠) رۆژە بەرەو کۆتایی چووە، بەڵام هەرەشەکانی ترامپ لە وێرانکردنی ئێرانەوە لەرێگای هێرشی سەربازیەوە گۆراوە بۆ خنکاندنی ئابوری ئێران و توندکردنەوەی فشارە ئابوریەکان و فراوانکردنەوەی گەمارۆی دەریایی ئێران و رێگاگرتن لە فرۆشی نەوت و گازی ئێران، تا لەو رێگایەوە دۆخی ئابوری ئێران بروخێنێت و رژێمی ئیسلامی ناچار بەتەسلیمبوون بکات.

لەلایەکی دیکەوە، کاریگەری ئەم شەرە، سەرجەم هاوکێشە سیاسی و دیپلۆماسی و ئەمنیەکانی ناوچەکەی روبەرووی گۆرانکاری کردۆتەوە و دۆخێکی ناروون و لێڵی بۆ ئایندەی پەیوەندی و پێگەی دەوڵەتانی ناوچەکە پێکهێناوە، بۆیە دەوڵەتانی ناوچەکە بەشوێن پەیوەندی و هاوپەیمانی سیاسی- سەربازی تازەوەن. تورکیاو سعودیە وەکو دوو دەوڵەتی گرنگی ناوچەکە، کە راستەوخۆ کاریگەری شەری ئەمریکا- ئیسرائیل لەگەڵ ئێرانیان لەسەرە، دەیانەوێ نەخشی خۆیان لەناوچەکەدا بەرەو ئاستێکی فراوانتر و کاریگەرتر بەرن. هاوپەیمانی سێقۆڵی پاکستان- سعودیە – تورکیا، بەرهەمی ئەو گۆرانکاریە نوێیانەیە کە لەناوچەکەدا روویداوە. دوورکەوتنەوە لە چەتری پاریزگاری ئەمریکاو رووکردن لە هاوپەیمانی ناوچەیی بۆ خۆپاراستن و بەرگریکردن لە بەرژەوەندیەکان خەریکە دەبێتە سیاسەتی سعودیە و بگرە بەشێکی زۆری دەوڵەتانی کەنداو.

تورکیا بەرژەوەندییەکانی وەکو دەوڵەتێکی گەورەی ناوچەیی و کاریگەر، بەرامبەر بە ئیسرائیل لە مەترسیدایە، بەتایبەتی لە سوریا. تورکیا نایەوێ لاوازبوونی رۆڵی ناوچەیی ئێران بەقازانجی ئیسرائیل تەواوبێت. بەوجۆرە هاوپەیمانی نێوان تورکیا- سعودیە- پاکستان ناسراو بە "هاوپەیمانی مەککە" هەنگاوێکە بەئاراستەی یەکخستنی هێزو تواناکانی ئەو دەوڵەتانە بۆ دروستکردنی بلۆکێکی ناوچەیی بەهێز کە لەرووی سەربازی- ئابوری- سیاسیەوە یەکتر تەواو دەکەن و دەتوانن وەکو هێزێکی ناوچەیی لەسەر روداوەکانی ناوچەکەو دارشتنەوەی هاوکێشە نوێیەکان کاریگەری جدییان هەبێ!

سەرنەکەوتنی ئەمریکاو ئیسرائیل لە روخاندن و تەسلمیکردنی ئێران، زەربەخواردنی بنکەو سەربازگەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەداو زیانگەیاندن بە توانا و ناوبانگی سەربازی ئەمریکا لەلایەک و ئەو زیانە گەورانەی بەر ئیسرائیل کەوت لەئاکامی بۆردومانی مووشەکی ئێرانەوە، سەرباری زیانە سەربازی و ئابورییەکانی بەر ئێران کەوتوەو کوژرانی بەشێکی بەرچاو لە سەرکردەکانی دەوڵەتەکە، سەرباری لاوازبوونی کاریگەری ناوچەیی ئێران و کەمبوونەوەی توانای هێزو میلیشیاکانی لایەنگری لە لوبنان و عێراق و یەمەن و .. تاد. بەڵام پێگەی رژێمی ئیسلامی ئێرانی وەکو هێزێکی ناوچەیی کاریگەر، تێک نەشکاندوە و بگرە ئیعتباری لەناو بەشێک لە جیهانی ئەوەی پێیدەوترێ ئیسلامی و عەرەبیدا بردۆتە سەرەوە. ئەگەرچی تائێستا ئێران کەمتر ئەم میلیشیایانەی دەرگیرکردوە لە جەنگەکەیدا، بەڵام لە ئەگەری توندبوونەوەو دوبارە دەستپێکردنەوەی شەردا، حوسیەکانی یەمەن و میلیشیاکانی عێراق وەکو دوو هێزی یەدەگ دەورو کاریگەری خۆیان دەبینین لە جەنگەکەدا. میلیشیاکانی حوسی دەتوانن گەرووی بابولمەندەب دابخەن و بەوجۆرە دۆخی ئابوری جیهان زیاتر پەک بخەن و فشارەکان لەسەر ئەمریکا زیاتر بکەن. لەلایەکی دیکەوە میلیشیاکانی عێراق، سەرەرای بەئامانجگرتنی بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا لە سعودیەو ناوخۆی عێراق و هەرێمی کوردستان و تەنانەت وولاتانێکی دیکەی دراوسێی عێراق، هاوکات دەتوانن پشتوانێکی لۆجستی بن بۆ ئێران و فشارە ئابوریەکانی ئاکامی گەمارۆی ئابوریی دەریایی ئەمریکا لەسەر ئێران کەم بکەنەوە.

بەوجۆرە عێراق کوردستان، ناوچەیەکی گرنگی ململانێی ئێستاو داهاتووی ئەمریکاو ئیسرائیل لەلایەک و ئێران لەلایەکی دیکەوە دەبن. گرژی و کێشمەکێش و فەزای جەنگی و خودی دەستپێکردنەوەی جەنگ راستەوخۆ کاریگەری لەسەر دۆخی سیاسی- ئەمنی- ئابوری عێراق کوردستان دەبێت و بەرەو توندبونەوەو مەترسی زیاتری دەبات.

عێراق و کوردستان وەکو ناوچەیەکی جێگا نفوزی ئەمریکاو ئێران، مەیدانێکی گرنگ و راستەوخۆی ئەم فەزای جەنگی و دەکەوێتە ژێر کاریگەری جەنگەکەوە. مەترسی تێکچوونی دۆخی ئەمنی، ئەگەری هەڵایسانی شەری نێوان میلیشیاکانی سەر بەئێران و حکومەت، ئەگەری هێرشی درۆنی و موشەکباران بۆسەر هەرێمی کوردستان، تێکچوونی دۆخی ئابوری و تێکچووی دۆخی ژیانی کۆمەڵایەتی و نەمانی خزمەتگوزاریەکان.....تەنانەت ئەگەری هێرشی زەمینی بۆسەر هەرێمی کوردستا بەبیانوی راونانی گروپە چەکدارەکانی دژ بەرژێم کە ئامادەی بەشداری شەری ئەمریکا بوون وەکو هێزی زەمینی دژ بە رژێمی ئێران نەفی نەبۆتەوە.

بەرامبەر بەم دۆخە ترسناکەی کە شەری ئەمریکاو ئیسرائیل دژی ئێران لەناوچەکەدا خوڵقاندویەتی و کاردانەوەکانی رژێمی ئیسلامی ئێران کە بۆمانەوەی خۆی هەوڵی فراوانکردنەوەی دامێنی جەنگەکەو نائارامکردنی ناوچەکەیە، بەبروای من پێویستە لەسەر ئاستی جیهانی و ناوچەیی، عێراقی و کوردستانی کاری دەستبەجێ و جدی بکرێت. حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان و عێراق دەتوانن نەخش و رۆڵی گرنگیان هەبێت لەم ئاراستەیەدا.

☆

# راوەستانێک لەسەر هاوپەیمانی مەککە

عوسمانی حاجی مارف

بۆچی سێ وڵات، سعودیە، تورکیا و پاکستان کە پەیوەندیەکی نزیکیان بە ئەمریکاوە هەیە، پێویستیان بە دامەزراندنی چوارچێوەیەکی بەرگری نوێ بوو لەم کاتە تایبەتەدا؟

پێموایە ئەوە دۆخی شەڕی ئەمریکاو ئێران و بارگرژی و ناجێگیری سیاسی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە، ئەو ژینگەیەی هێنایە پێشەوە و دانوستان و هاوپەیمانی مەککەی تێدا بەرێوەچو. ڕووبەڕووبونەوەکە دەریخست کە هەر پێکدادانێکی بەرفراوان لە نێوان ئێران و ئەمریکا، یان ئیسرائیلدا دەتوانێت بە خێرایی بۆ کەنداو بگوازرێتەوە و هەڕەشە لە دامەزراوەکانی وزە و ڕێڕەوی کەشتیوانی و ئابووری ناوچەکە بکات، تەنانەت بۆ ئەو وڵاتانەش کە ڕاستەوخۆ دەستیان لە شەڕەکەدا نییە.

ڕێکەوتنەکە لە چوارچێوەی ڕەوتێکی فراوانتردا پێکهات کە تیایدا وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەوڵی بنیاتنانی ڕێکخستنی ئاسایشی ناوچەیەکی سەربەخۆتر دەدەن، دوای ئەوەی گەرەنتیەکانی ئەمریکا لە لێکدانەوەی زۆرێک لە پایتەختەکانی ناوچەکەدا پێیانوایە ئەمریکا ناتوانێت دڵنیایی بدات و ناتوانێت ئەم کارە بکات، بۆیە ئەم جۆرە هاوپەیمانیە هەوڵێکە بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە و دامەزراوەیەکی نوێی ئەمنی بە پێویست دەزانن لە ناوچەکەدا.

وڵاتانی ناوچەکە بەو ئاکامە گەیشتون پێویستە تواناکانی خۆپارێزی خۆیان پەرەپێبدەن و هەماهەنگیە ئەمنیەکانیان بەرزبکەنەوە، تەنانەت پەیوەندیە سەربازیە نزیکەکانیان لەگەڵ ئەمریکاشدا دەپارێزن.

لەکاتێکدا ململانێ و شەڕێک لە ناوچەکەدا لە ئارادایە، ئاشکرایە پێداویستی گەران بەدوای ڕێکخستنە نوێیەکانی بەرگری خێراتر دەبێت، وڵاتانی ناوچەکە لە ناچاریدا گەیشتونەتە ئەو ئاکامەی پێویستە تواناکانی خۆپارێزی خۆیان پەرەپێبدەن و هەماهەنگیە ئەمنیەکانیان بەرزبکەنەوە.

هەر سێ وڵاتەکە بە گشتی لە ڕوانگەیەکی هاوشێوەوە، سەیری ناسەقامگیری ناوچەکە دەکەن، هۆکارەکەش دەگەڕێننەوە بۆ دەوری هەردوو ئیسرائیل و ئێران.

پەیوەستبونی تورکیا بەم هاوپەیمانیە، وەک ئەندامێکی ناتۆ، بەشێکە لە ستراتیژێکی فراوانتر بۆ هەمەچەشنکردنی هاوبەشیەکان و بەرزکردنەوەی نفوزی ناوچەیی خۆی، ئەم سیاسەتەی تورکیای بە "پاراستنی ستراتیژی" وەسف دەکرێت.

دەستکەوتەکانی تورکیا تەنها لە بەدەستهێنانی گەرەنتی بەرگری نوێ نییە، بەڵکو بۆ بەدەستهێنانی، فراوانکردنی کاریگەری سیاسی ناوچەیی خۆی و بەرزکردنەوەی هەناردەی پیشەسازی بەرگری تورکیا و دامەزراندنی هاوبەشی بەرهەمهێنانی سەربازی لەگەڵ سعودیە و پاکستان، ئەمەش ڕۆڵێکی زیاتر بە ئەنقەرە دەبەخشێت لە دارشتنی هاوسەنگیە ئەمنیەکانی ناوچەکەدا.

ڕێکەوتنی سێ وڵات، ئەوانیش سعودیە دەوڵەمەندە بە نەوت، پاکستانی خاوەن چەکی ئەتۆمی و تورکیا کە شانازی بە دووەم گەورەترین سوپای ناتۆ و پیشەسازی بەرگرییەوە دەکات، کە بە خێرایی گەشە دەکات، چاوەڕوان دەکرێ ئەم ڕێکەوتنە هاوکاری و خۆراگری لە نێوان زیادبونی نادڵنیایی ناوچەیی و مەترسی شەڕ لەگەڵ ئێراندا بەهێزتر بکات.

ئەنقەرە هەوڵدەدات هەناردەی بەرگری خۆی بۆ کەنداو زیاد بکات، هاوپەیمانی سێ قۆڵی دەتوانێت داهاتی نەوتی ڕیاز لەگەڵ هێزە سەربازیەکانی شەڕ و توانای بەرهەمهێنانی بەرگری ئەنقەرە و ئیسلام ئاباد تێکەڵ بکات. ئەو ڕێکەوتنە بەرگرییەی کە واژۆ کراوە، لەوە زیاترە کە تەنها ڕێکەوتنێکی بەرگری بێت، ئەگەری ئەوەش هەیە ڕێکەوتنێکە کە لە داهاتودا بەرژەوەندی ئابووری بەدوای خۆیدا بهێنێت، تورکیا، پاکستان و سعودیە سێ وڵاتی بەهێزن و کاریگەریەکی جدیان دەبێت لە ناوچەکەدا. بە لەبەرچاوگرتنی ئەو دۆخەی ئێستای گەرووی هورمز، پێشبینی دەکرێت دەوڵەتانی دیکەی کەنداو لە داهاتوودا بەشداری ئەم ڕێکەوتنە سێ قۆڵیە بکەن.!

تورکیا و پاکستان، لە ئێستاوە لە بواری پەرەپێدانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان هاوکارن، هاوکات سعودیە گرێبەستی گەورەی بۆ کڕین و ڕاهێنانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان لەگەڵ کۆمپانیای بایەکەری بەرگری تورکیای واژۆ کردووە. پاکستان ڕەهەندێکی جیاواز بۆ ڕێکەوتنەکە زیاد دەکات، خاوەنی یەکێکە لە گەورەترین سوپای جیهانی موسڵمانان و ئەزمونێکی بەرفراوان لە ئۆپەراسیۆنە سەربازیەکان و بنکەیەکی پیشەسازی بەرگری کە لە گەشەکردندایە. گرنگترین هۆکار ئەوەیە کە پاکستان تاکە وڵاتە لەنێو واژۆکارانی ڕێکەوتنەکەدا خاوەنی چەکی ئەتۆمیە، ئەمەش قورسایی زیاتری ڕێگریکردن بە هاوپەیمانیەکە دەبەخشێت، هەرچەندە ڕێکەوتنەکە بەروونی هیچ برگەیەکی سەبارەت بە ڕێگریکردنی ئەتۆمی یان چەترێکی ئەتۆمی هاوبەش لەخۆناگرێت.

هەروەها چاوەڕوان دەکرێت، تورکیا هەوڵی پڕکردنەوەی ئەو بۆشایە

بدات کە بەهۆی دابەزینی دەسەڵاتی ئێران و لاوازبونی هاوکێشە ئەمنیەکانی ئیسرائیل و ئەمریکا لە ناوچەکەدا بەجێیان هێشتووە، ئەوەی ڕۆشنە هیچ وڵاتێکی تر لە پێگەیەکی باشتردا نییە بۆ ئەوەی خۆی وەک دەسەڵاتێکی ناوچەیی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا جێگیر بکات، بۆ دەوری تورکیاش پرسیار ئەوەیە، کە تا چەند ستراتیژی ئەمنی تورکیا کە لە ڕێکەوتنی مەککەدا بەرجەستە بووەتەوە، خۆی لە نفوزی ئەمریکا دوور خستەوە یان ڕزگاری بووە؟ بە تایبەت کە ئامانجی واشنتۆن کۆتایی هێنانە بەدەور و دەسەڵاتی ئێران وە جێخستنی پێگەی ئیسرائیلە لە ناوچەکەدا.

مەسەلەی سەرەکی کە لەم ڕێکەوتنەدا بەرجەستە بۆتەوە دەڵێت "هێرشی چەکداری دژی هەر یەکێک لەو سێ دەوڵەتە هێرشێکە دژی هەمووان". لێرەوە ئەو پرسیارە دێتە پێش ئایا ئەو سێ وڵاتە ئەگەر هێرش بکرێتە سەر یەکێکیان لە ڕاستیدا پابەندبونی خۆیان جێبەجێ دەکەن یان نا؟

هەڵبەتە متمانەکردن بەندە بە خاوەندارێتی توانا و ئەو باوەڕەی، کە دەوڵەتانی واژۆکار ئامادەن لە کاتی پێویستدا بەکاریبهێنن، جگە لەوەی پابەندبونە ڕاگەیەندراوەکە لەسەر بناغەیەکی بەرچاوی توانا سەربازی و سیاسی و ئابووریەکان وەستاوە، ئەمەش قورسایی زیاتریان پێدەبەخشێت لە حیساباتی ناوچەییدا.

دەستەواژەی "هێرشی چەکداری" لە ڕێکەوتنەکەدا پرسێکی گرنگ سەبارەت بە مەودای پابەندبونی بەرگری بەکۆمەڵ دەوروژێنێت، هەڕەشە ئەمنیەکان چیتر سنووردار نین بە شەڕە ئاساییەکان کە لەلایەن هێزە ئاساییەکانی دەوڵەتەکانەوە ئەنجام دەدرێن، بەڵکو ئەو هێرشانەش دەگرێتەوە کە لەلایەن گروپە چەکدارەکان و میلیشیاکانەوە ئەنجام دەدرێن، وەک ئەوەی زۆرجار لە ناوچەکەدا ڕوودەدات.

بەڵام مەرج نییە ئەمە بەو مانایە بێت کە ئەو سێ وڵاتە لە ڕووی سەربازیەوە بە هەمانشێوە یان دەستبەجێ دەچنە ناو شەڕەکەوە، تا ئێستا وردەکاریەکانی ئۆپەراسیۆنی ڕێکەوتنەکە- وەک قەبارەی ئەو هێزانەی کە دەبێ جێگیر بکرێن، میکانیزمی بڕیاردان و جۆری هاوکاریە ناچاریەکان- بە تەواوی گشتی نین، ڕێکەوتنەکە بەڵێننامەی سەربازی تایبەتی تێدا نییە، هەرچەندە تورکیا لە ڕووی مەبدەئیەوە بەنزیک لە ماددەی ٥ ی ناتۆوە وەسفی کردووە. لەلایەکی ترەوە لەڕووی سیاسی و یاساییەوە، ئەستەمە بۆ هەر وڵاتێک چاوپۆشی لە هێرشکردنە سەر هاوبەشەکەی بکات، بەو پێیەی ڕێکەوتنەکە بە ڕوونی باس لەوە دەکات کە هێرشکردنە سەر یەک هێرشکردنە بۆ سەر هەمووان.

لە ڕووی سەربازیشەوە، تا ئێستا هیچ گەرەنتیەک نییە کە وەڵامدانەوەکە شەڕێکی تەواو بێت. دەکرێت لە بەرگری ئاسمانی، هاوبەشکردنی زانیاری هەواڵگری، ناردنی هێز یان چەک، یان دەستێوەردانی ڕاستەوخۆی سەربازی، بەپێی سروشتی هێرشەکە و بڕیاری حکومەتەکان دەست پێبکات. لە ڕووی متمانەپێکردنەوە، تاقیکردنەوەی ڕاستەقینە لەگەڵ یەکەم هێرشی گەورەدا دێت، لە ئێستادا ڕێکەوتنەکە ڕێگریکردن زیاتر بەهێز دەکات نەک توانای هاوپەیمانیەکە بۆ ئەنجامدانی شەڕی هاوبەش، بەو پێیەی هاوپەیمانیەکە هێشتا تازەیە و هێشتا لە ڕوبەڕوبونەوەی سەربازی هاوبەشدا تاقی نەکراوەتەوە.

سعوودیە "هاوپەیمانی بەرگری" وەک ستراتیژێک بۆ ڕوبەڕوبونەوەی ئێران دەڕوانێت، بەتایبەتی لەبەر ڕۆشنایی ململانێی ئەمریکا و ئیسرائیل لەگەڵ ئێران و هێرشەکانی تاران لە ناوچەکە، کە ڕادەی ڕاستەقینەی خواستی ئەمریکای بۆ بەرگریکردن لە کەنداو ئاشکرا کرد، ئەمەش وایکردووە سعودیە زیاتر ئاگاداری لاوازیەکانی بێت.

. ڕێکەوتنی سەربازی نێوان ڕیاز و ئەنقەرە و ئیسلام ئاباد ئاماژەیەکە بۆ ئەو خاڵەش دەوڵەمەندترین ئابووری نەوتی ناوچەکە نە تەنیایە و نە گۆشەگیرە، لە هەمانکاتدا پرسیاری ڕاستەقینە ئەوەیە کە ئایا پاکستان و تورکیا دەچنە شەڕەوە دژی ئێران، ئەگەر شەڕ لە نێوان تاران و ڕیاز ڕوویدات، بەتایبەتی کە هەردوو پاکستان و تورکیا پەیوەندی دۆستانە لەگەڵ ئێراندا دەپارێزن. ئەگەر ڕوبەڕوبونەوەی سەربازی ڕوویدات، چەقبەستووییەک لە نێوان ئێران و تورکیا لە لایەک و لە لایەکی دیکەش لەنێوان ئێران و پاکستان دروست دەبێت.

ئەگەر شەڕێکی نێوان هیندستان و پاکستان هەڵگیرسێت، هێزی ڕاستەقینەی ڕێکەوتنەکە ئاشکرا دەبێت، یەکەم شەڕی هیندستان و پاکستان لە دوای ڕێکەوتنەکە ڕەنگە گرنگترین تاقیکردنەوە بێت بۆ تەواوی داهاتووی ئەو هاوپەیمانیە، ئەگەر سعوودیە و تورکیا تەنها لە لێدوانی دیپلۆماسیدا خۆیان سنووردار بکەن، ئەوا هاوپەیمانیەکە مانای نامێنێت.

جیهانێکی فرە جەمسەری و ململانێی زلهێزەکانی دنیا بۆتە هۆی سەرلێشێواویەکی بەرچاو و کاریگەری لەسەر هاوپەیمانیە سەربازی و ئابووریەکان لە سەرانسەری ناوچە جیاوازەکانی جیهاندا، ڕێکەوتنی بەرگری نێوان سعودیە و تورکیا و پاکستانیش ڕەنگدانەوەی ئەم سەرلێشێواویەیە.

ڕێکەوتنی مەککە هێشتا هاوپەیمانیەکی تەواوی شەڕ نییە، بەڵکو هەوڵێکە بۆ دروستکردنی سیستەمێکی نوێی ڕێگریکردن لە ناوچەیەک، کە متمانەی بە سیستەمی کۆنی ئەمنی کەمبووەتەوە، بەهای ڕاستەقینەی ئەم ڕێکەوتنەش نە بە قەبارەی سوپا و چەکەکان، بەڵکو بەوە دیاری دەکرێت کە لە یەکەم تاقیکردنەوەی ڕاستەقینەدا ئەندامەکانی تا چەند ئامادەن بۆ پاراستنی یەکتر و تیچووەکەی قەبوڵ دەکەن.

★